# کوردستان

دابینکردنی مافه نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

ئۆرگـانی کۆمیتەی نـاوەنـدیی حیزبی دێمـوکراتی کوردستـانی ئێـران

ژمارە ٥٨٨، چوارشەممە، ١٥ی خەرمانانی ١٣٩١، ٥ی سێپتامبری ٢٠١٢، ١٥٠تمەن

www.kurdistanmedia.com




ئەم پلاتفۆرمە یەکڕیزی ...

٤



تێڕامانێک لەسەر گەلاڵەی ...

٥



شکانی باسکەکانی کۆماری ...

٨



یادکردنەوە لە قوربانییانی...

٩



ئابوورییەکی نەخۆش و ژیانێکی...

١١

## لە یادی شەهیدانی قارڕنێدا

کوشتاری بەکۆمەڵی خەڵکی سڤیلی قارنێ لە ڕێکەوتی ١٣٥٨/٦/١١دا، لە درێژەی زنجیرە کوشتارێکدا بوو کە ڕێژیمی کۆماری سێدارە بە فتوای خومەینی بەسەر خەڵکی کوردستانیدا هێنا و بە دەیان رۆڵەی ئەو نەتەوەی بێبەزەییانە لە خوێندا گەوزاند. خەڵکی قارنێ بوون بە قوربانیی سیاسەتەکانی دەسەڵاتێك کە رەمزی مانەوەی خۆی لە قەلاچۆکردن و نەهێشتنی نەیارانیدا دەبینێتەوە و جگە لە پەتی سێدارە و تیرۆر و خوێنڕشتن ئامرازێکی دیکە ناناسێت. لەساڵیادی شەهیدانی قارڕنێدا سەری ڕێز بۆ هەموو شەهیدانی کورد و کوردستان دادەنەوێنین و پەیمانی خۆڕاگری و خەبات تا رزگارییان لەگەڵ نوێ دەکەینەوە.

## پـەیـڤ

ناهید حسێنی

### جارێکی دیکەش هیوابڕاوی و ریسوایی

کۆماری ئیسلامیی ئێران هیوایەکی زۆری بە دەسکەوتەکانی کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن لە تاران هەبوو و خۆی ئامادە کردبوو بە رەخنەگرتن لە پێکهاتەی ناوەندە نێونەتەوەییەکان و بە مەزڵووم نواندنی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و داکۆکیکردن لە خەڵکی فەلەستین لە بەرامبەر ئیسرائیلدا و نواندنی رواڵەتێکی ئاشتیخوازانە لە خۆی چ لە ئاستی ناوچەیی و چ لە ئاستی جیهانیدا و بە تایبەت لە پێوەندی لەگەڵ بەرنامە ناوکییەکەیدا جڵەوی کۆبوونەوەکە بگرێتە دەست و لەو سۆنگەوە پاڵپشت بۆ خۆی درووست بکات.

بەڵام بە پێچەوانەوە کۆبوونەوەکە نەك لە بەرژەوەندیی ئێران نەشکایەوە بەڵکوو ریسواییەکی دیکەشی بۆ ئەو وڵاتەوە بەدواوە بوو. محەممەد مۆرسی، سەرۆك کۆماری میسر هێرشی کردە سەر دەسەڵاتی بەشار ئەسەد و بە سەرکوتکەر و ناڕەوا ناوزەدی کرد. بان کی مون، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ناڕاستەوخۆ ئینکاری هۆلۆکۆست و خواستی سڕینەوەی ئیسرائیلی لەسەر جوغرافیای جیهانی مەحکووم کرد و لە دیداری تایبەتی خۆیدا لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاران رەخنەی توندی لە پێشێلکاری بەربڵاوی مافی مرۆڤ لە ئێران گرت و خوازیاری ئازادیی زیندانییانی سیاسی بوو.

هەوڵەکانی ئێران بۆ نواندنی رواڵەتێکی ئاشتیخوازانە لە خۆی بێئاکام مایەوە و هەر لە رەوتی کۆبوونەوەکەدا ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە نوێترین راپۆرتی خۆیدا باسی لەوە کردووە کە گومانی جیددی لە بەرنامە ناوکییەکەی ئێران دەکرێت.

دواگورزی کاریگەریش بۆ سەر ئێران ریسوایی راگەیاندنی فەرمیی ئەو وڵاتە بوو لە کاتی وەرگێڕانی راستەوخۆی وتەکانی سەرۆك کۆماری میسردا کە لەو شوێنانەدا کە باسی لە دەسەڵاتی سووریە دەکرد لەبری سووریە ناوی بەحرەینیان دەهێنا کە دەنگدانەوەی جیهانی بەدواوە بووە بۆ ئەو وڵاتە و دواجاریش عەبدولعەزیز ئەلعامێر، بەڕێوەبەری گشتیی کاروباری ناوچەیی و شورای هاوکاریی وەزارەتی دەرەوەی بەحرەین ئەو کردەوەی ئێرانی بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی ئەو وڵاتە و دەرچوون لە چوارچێوە دیاریکراوەکان ناوزەد کردووە و داوای لە ئێران کردووە لەو پێوەندییەدا بە فەرمی داوای لێبووردن لە وڵاتی بەحرەین بکات.

هەموو ئەم رووداوانەش سەلمێنەری ئەوەن کە کاریگەریی ئێران لە بواری دیپلۆماتیکەوە زۆر بەرتەسك بۆتەوە و بینیمان کە سەرانی وڵاتانی جیهان لە خاکی خۆیدا و لە کۆبوونەوەیەکدا کە خۆی میوانداری دەکات، رەخنە لە سیاسەتە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی دەگرن و هەموو هیواکانی ئێران بۆ درووستکردنی هاوپەیمانییەك بە مەبەستی پاڵپشتیکردنی ڕێژیمی بەشار ئەسەد بێئاکام مایەوە.

# کومیتەی کوردی لە ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست دامەزرا




لە دووهەمین رۆژی کۆنگرەی ئینتێرناسیونال سوسیالیستدا، کومیتەی کوردی ئەم ڕێکخراوە دامەزرا. بەپێی راپۆرتی کوردستان میدیا، بیست و چوارەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیونال سوسیالیست رۆژی پێنجشەممە، ٩ی خەرمانانی ١٣٩١، لە شاری «کەیپ تاون»، پێتەختی ئافریقای باشوور لە ژێر درووشمی «بۆ ئینتێرناسیۆنالیزمێکی نوێ و کولتوورێکی نوێی هاوپێوەندی»، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. لە کۆنگرەی ئەمساڵیشدا، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی بەڕێز لوقمان ئەحمەدی، نوێنەری حیزب لە ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست، بەشدار بوو.

کۆنگرەی ئەمساڵ بە وتەکانی جێگری سەرکۆماری ئافریقای باشوور، بەڕێز «کەگالێما» دەستی بە کارەکانی خۆی کرد.

رۆژی یەکەمی کۆنگرە بۆ باس و هەڵسەنگاندنی قەیرانی ئابووریی جیهان و وەڵامی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست بۆ ئەم گرفتە ئابوورییانە تەرخان کرابوو.

پاشان، هەڵبژاردنی سکرتێری ئینتێرناسیۆنال و جێگرەکانی ئەنجام درا و لە ئاکامدا «لویس ئایالا» وەکوو سکرتێری ئەم ڕێکخراوە هەڵبژێردرایەوە.

دووهەمین رۆژی کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست بە قسەکانی بەڕێز «یاکۆب زوما»، سەرکۆماری ئافریقای باشوور دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. هەر لەم رۆژەدا ئاکامی هەڵبژاردنەکانی جێگرەکانی سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە راگەیەندرا.

بەشێکی دیکەی باسەکانی رۆژی دووهەمی کۆنگرە، تەرخان کرابوو بۆ باسکردن لەسەر پەرەپێدانی دێموکراسی لە جیهاندا.

شایانی باسە کە کۆنگرە لە درێژەی کارەکانیدا لەسەر پێشنیاری هەیئەتە کوردستانییە بەشدارەکان، بە تێکرای دەنگ بڕیاری دامەزراندنی کومیتەی کوردی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیستی دا. پێویست بە ئاماژەیە کە ئینتێرناسیونال سوسیالیست پێشتریش کومیتەی کوردەکانی دامەزراندبوو، بەڵام ئەو کومیتەیە لە چەند ساڵی رابردوودا چالاکییەکی ئەوتۆی نەبوو.

شاندی بەشداری حیزبی دێموکرات لە ٢٤ەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست لە پەراوێزی کاری کۆنگرەدا، لەگەڵ چەندین بەرپرسی تازەهەڵبژێردراوی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست و سەرکردایەتیی چەند حیزبێکی ئەندامی ئەم ڕێکخراوە دیداریان پێك هێنا.

## لێکۆڵینەوە لە پارچین نەلواو بووە

ئێران پیتاندنی ئۆرانیۆمی زیاد کردووە و دامەزراوەی «پارچین»ی ئەوەندە دەستکاری کردووە کە لێکۆڵینەوە لەسەری نەلواو بووە.

بەپێی راپۆرتی رادیۆ ئاڵمان، ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی لە دوایین راپۆرتی وەرزیی خۆیدا کە رۆژی پێنجشەممە، ٣٠ی ئاگۆستی ٢٠١٢ پێشکەشی شوورای ئاسایشی کرد، رایگەیاند کە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەوەندە دامەزراوەی ئەتۆمیی «پارچین»یان دەستکاری کردووە کە ئاژانس ئیدی ناتوانێ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە بکات کە ئایا لەم دامەزراوەیەدا چالاکیگەلی توێژینەوەیی بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی کراوە یان نا.

لە راپۆرتەکەی ئاژانسدا هاتووە: «دەستکاری و جێگۆڕکێ لەم دامەزراوەیەدا ئەوەندەیە کە ئاژانس ئیدی ناتوانێ بە لێکۆڵینەوە و تاوتوێی وردەوە رایبگەیەنێ کە راست چ چالاکییەك لە پارچین بەڕێوە چووە».

بەپێی راپۆرتی هەواڵدەریی رۆیتێرز، لە دوایین راپۆرتی وەرزیی ئاژانسدا هاتووە کە ئێران ژمارەی سانتریفیوژەکانی خۆی تا لانیکەم «دووبەرابەر» زیاد کردووە. زۆربەی ئەم سانتریفیوژە نوێیانە لە دامەزراوەی ئەتۆمیی «فەر دوو»، لە نزیکی شاری قوم وەگەڕ خراون.

دامەزراوەی ئەتۆمی «فەر دوو» لە قووڵایی ٩٠ میتری زەویدا درووست کراوە تا لەو هێرشانەی ئیسرائیل کە ئەگەریان هەیە، پارێزراو بێ. «فەر دوو» شوێنێکە کە بە وتەی ئاژانس، زانستڤانانی ناوکیی کۆماری ئیسلامیی ئێران تێیدا ئۆرانیۆم بە رادەیەکی زۆر کە نزیکە لەو رادەیەی کە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی پێویستە، دەپیتێنن.

## نتانیاهوو داوای دیاریکردنی هێڵی سووری بۆ ئێران کرد

سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیل داوای لە زلهێزەکانی جیهان کرد «هێڵی سووری روون» بۆ چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران دیاری بکەن.

بەپێی راپۆرتی دۆیچەوێلە، بنیامین نتانیاهوو، رۆژی یەکشەممە، ١٢ی خەرمانان، رەخنەی لە زلهێزەکانی جیهان گرت و وتی ئەم وڵاتانە نەیانتوانیوە ئێران بەقەناعەت بگەیەنن کە لەسەر پێشگرتن لە دەستڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ئەتۆمی سوورن.

نتانیاهوو لە بەرامبەر ئەندامانی کابینەی دەوڵەتەکەی گوتی: «لەو باوەڕەدام کە راستی دەبێ بوترێ: کۆمەڵگای جیهانی هێڵێکی سووری روون بۆ ئێران دانانێ و ئێرانیش ئیرادەیەکی جیهانی بۆ راوەستاندنی بەرنامەی ئەتۆمییەکەی، نابینێ». ئەو هەروەها لە وتووێژ لەگەڵ رادیۆ ئیسرائیل وتی: «تا کاتێك ئێران ئەم هێڵە سوورە روونە و ئەم ئیرادە ئاشکرایە نەبینێ، دەست لە پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی هەڵناگرێ. ئێران نابێ چەکی ئەتۆمی هەبێ».

بەپێی راپۆرتی رۆیتێرز، تساهی هنگبی، راوێژکاری سەرۆك وەزیران و نوێنەری پێشوو و بەبڕشتی پارلمانی ئیسرائیلیش رۆژی شەممە وتی: «رووداوەکانی یەك حەوتووی رابردوو، رەواییان بە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ناوکییەکانی ئێران داوە».

ماڵپەڕی هەواڵیی رۆژنامەی «یێدعوت ئاهارۆنۆت» رۆژی شەممە نووسی کە مەبەستی بەڕێز هنگبی لە «رووداوەکانی یەك حەوتووی رابردوو»، ئەو راپۆرتە وەرزییەیە کە ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ئەتۆمی رۆژی پێنجشەممە لەسەر بەرنامە ناوکییەکانی ئێران دەریکردووە.

# نامەی بەڕێز مستەفا هیجری بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەسەروبەندی سەردانی بان کی مۆن، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ئێران، لە نامەیەکدا ناوبراو لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە کوردستان ئاگادار دەکاتەوە و داوای لێدەکات لەسەر پرسی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران هەڵوێست بگرێ. دەقی نامەکە بەم شێوەیە:

**سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڕێز بان کی مون!**

ئاگادار کراین کە دەتانهەوێ لە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەن لە تاران بەشداری بکەن و لەو پێناوەدا بەپێی وتەی وتەبێژتان دەتانهەوێ سەبارەت بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران، هەڵوێست و داخوازییەکانتان بێننە ئاراوە. لە روانگەی ئێمەوە گوشاری کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بۆ سەر ئێران لە پێوەندی لەگەڵ پێشێلکاریی بێوێنەی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە، لە هەلومەرجێکدا کە چاوەکان زیاتر لەسەر کێشەگەلێك وەك کێشەی بەرنامەی ناوکییە، زۆر پێویستە. بەڵام پێش لە هەموو شتەیەك، پێویستە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی هەڵسەنگاندێکی قووڵتری لە پێوەندی لەگەڵ رەهەندە جۆراوجۆرەکانی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێراندا هەبێت. پێویستە ئاماژە بکرێ کە بە هۆی سەرکوتی تەواوی کەسایەتییەکان و ناوەندەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ لە نێوخۆی ئێران و پەراوێزخستنی کۆمەڵگای ئێران لە لایەن حکوومەتی ئەم وڵاتەوە، دەرەتانی ئاشکراکردنی زۆرێك لە پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، بەتایبەت لەو ناوچانەی لە ناوەندی ئێران دوورن، بوونی نیە. هەر بۆیە بە پێویستمان زانی بە سەرنجدان بە بواری چالاکیمان لە کوردستان، لە چەند کاتاگۆریدا ئاماژە بە خاڵگەلێك بکەین. لە بەڕێز سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەو چاوەڕوانییە دەکرێت کە بە سەرنجدان بە توندتربوون و سیستماتیکتربوونی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستانی ئێراندا، گرینگی و بایەخێکی شیاو بەم پرسە بدەن. لە روانگەی ئێمەوە، بەپەلەبوون و هەستیاربوونی ئەم پرسە لەوەڕا سەرچاوە دەگرێ کە نەتەنیا ژیانی تاکەکەسیی مرۆڤەکان، بەڵکوو ژیانی فەرهەنگی و بەکۆمەڵیشیان لە کوردستان بە شێوەیەکی سیستماتیك و زۆر جیددی لەبەردەم مەترسیی لەنێوچووندایە و بە سەرنجدان بە بایەخە هاوبەشەکانی کۆمەڵگای جیهانی کە لە جاڕنامەی گەردوونیی ڕێکخراوەکەتاندا هاتووە، پێویستە کە ناوەند و کەسایەتییە نێونەتەوەییەکان لەم پێوەندییەدا هەڵوێست بگرن و کارتێکەریی خۆیانی لەسەر دابنێن.

بەم پێیە، چاوەڕوان دەکرێ ئەم خاڵانە لە مەئموورییەتی خۆتاندا لەبەر چاو بگرن و وەبیر دەوڵەتی ئێرانی بێننەوە:



ـ کەڵکوەرنەگرتن لە زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکاندا. هەر چەشنە نامەنووسینێکی فەرمی بە زمانی کوردی بێوەڵام دەمێنێتەوە و منداڵانی کورد ناچارن لە تەمەنی ٦ ساڵییەوە بە زمانی فارسی بخوێنن.

ـ هەوڵی سیستماتیك بۆ گۆڕینی شوناسی شارەکانی کوردستانی ئێران بەتایبەت شارگەلێك وەك کرماشان و ئیلام بە کەڵکوەرگرتن لە ئیمکاناتی راگەیێنی و ئامووزش و پەروەرشی دەوڵەتی. سەرکوتی توندی چالاکییە فەرهەنگییەکان کە لە پێناو فەرهەنگی کوردی لەم شارانەدا شکڵ دەگرن.

ـ نەدانی ڕێدەرنامەی چالاکی بە هەر حیزب یان یەکیەتییەك کە باسی پرسی کورد بکات. هەتا ئێستا گرووپگەلێکی زۆر دامەزراون و لە دەوڵەتی ئێران داوای ڕێدەرنامەیان کردووە، بەڵام بە هیچکام لەم گرووپانە ڕێدەرنامە نەدراوە.

ـ نەدانی ئیزن بە کوردەکان بۆ کەڵکوەرگرتن لە ناوی کوردی. ڕێکخراوی تۆمارکردنی باری کەسیەتیی ئێران لە تۆمارکردنی ناوگەلێك کە دەرخەری شوناس و ناسنامەی کوردی بێت خۆ دەبوێرێت و هەر بۆیە ئێوە دەتوانن کەسانێکی زۆر لە کوردستان ببینن کە ناوی سەرەکییان لەگەڵ ناوی ناسنامەییان جیاوازە.

ـ لە نێو زیندانەکانی ئێراندا سەدان کورد بە تۆمەتگەلی سیاسی وەك ئەندامەتی لە حیزبە کوردییەکان، بەبێ کەڵکوەرگرتن لە ئیزنی مورەخەسی یان کەڵکوەرگرتن لە مافە سەرەتاییەکانیان هەن کە ساڵانێکە لە زینداندا بەسەر دەبەن و هەنووکەش هیچ ناوەندێکی مافی مرۆڤی ئاگاداریی لە ئەوانە نیە. ڕێژیمی ئێران بە هەڕەشەکردن لە بنەماڵەی ئەو کەسانە، پێش بە بڵاوبوونەوەی ناویان دەگرێت. پێوستە ئاماژە بکرێ زۆربەی هەرەزۆری ئەم زیندانییانە بەبێ دەستراگەیشتن بە پارێزەر و تەنیا لە دادگاییکردنە چەند خولەکییەکاندا، حوکمی بەندکرانی درێژماوەیان بۆ دەبڕدرێتەوە و لە زیندان بەسەر دەبەن. ئەو چاوەڕوانییە لە ئێوە دەکرێت کە داوا لە دەسەڵاتدارانی ئێران بکەن کە لە ژێر چاوەدێریی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ناوی هەموو زیندانییە سیاسییەکان ئاشکرا بکەن و مافی مورەخەسی و مافەکانی دیکەیان پێ بدەن و دەرەتانی دادگایکردنێکی دادپەروەرانەیان بۆ دابین بکەن. لە نێو ئەو زیندانییانەدا کە لە خراپترین دۆخی لواودا دەژین و بە حوکمی درێژماوە لە زینداندا بەسەر دەبەن، دەکرێ ئاماژە بە زەینەب جەلالیان و عەلی موڕادی بکرێ.

ـ محەممەد سەدیق کەبوودوەند تەنیا بە تۆمەتی دامەزراندن و چالاکی لە ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان ١١ ساڵ سزای زیندانی بەسەردا سەپاوە و لە ساڵی ٢٠٠٧ـەوە بەبێ کەڵکوەرگرتن لە مورەخەسی و بێبەش بوون لە مافە سەرەتاییەکانی هەر زیندانییەك، لە زینداندا بەسەر دەبا.

ـ لانیکەم ٢٨ زیندانیی کورد کە لەگەڵ تۆمەتگەلی سیاسی و ئەمنییەتی بەرەوڕوون، لە زیندانەکانی سنە، ورمێ، سمنان، رەجایی شەهر و سەقز چاوەڕێی بەڕێوەبردنی سزای سێدارەکەیانن یان چاوەڕێی پەسند یان هەڵوەشاندنەوەی حوکمی دادگای پێشوویان لە دادگا بەرزەکاندان. لە نێو ئەم زیندانییانەدا، حەبیبوڵڵا لەتیفی، شێرکۆ مەعارفی، زانیار موردای و لوقمان موڕادی هیچکامیان لە رەوتێکی دادپەروەرانەدا دادگایی نەکراون و بۆ ماوەیەکی درێژ لە ژێر ئەشکەنجەدا بوون.

ئەمانە تەنیا بەشێکی بچووکن لەو پێشێلکارییانە کە گرینگیی بەپەلەیان هەیە و ئەگەر کۆمەڵگای نێونەتەوەیی، ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکان و خودی ئێوە لە مەئمورییەتەکەتاندا بە هانای نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانەوە نەیێن، بە دڵنیاییەوە ئەو کارەساتەی لە ئێستادا خەریکە روو دەدات، قووڵتر دەبێتەوە. پێویستە ئاماژە بەم خاڵە بکرێ کە هەنووکە خەڵکی ئێران و بەتایبەت خەڵکی کورد لە ئێران بە تەواوی لە دەستڕاگەیشتن بە کاناڵگەلێك بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی خۆیان و گەیاندنی بە گوێی کۆمەڵگای جیهانی بێبەش کراون، بە هەستیاری و نیگەرانی و سەرنجی زۆرەوە، سەرنج دەدەنە بەرنامە و هەڵوێستەکانی ئێوە لەم سەردانەدا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
١٣٩١/٠٦/٥ی هەتاوی
٢٠١٢/٠٨/٢٦ی زایینی

## سپاسنامەی هاوبەشی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سپاسنامەیەکی هاوبەشیان روو لە خەڵك و ئەو لایەنانە بڵاو کردەوە کە پێشوازییان لە پلاتفۆرمی هاوبەش لە نێوان ئەم دوو هێزە کوردستانییەدا کرد. دەقی سپاسنامەکە بەم شێوەیە:

سپاسنامەی هاوبەش

پاش بڵاو بوونەوەی ڕێککەوتننامەی هاوبەشی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێکەوتی ٢١ی ئووتی ٢٠١٢ی زایینی، لە رۆژانی رابردوودا شاهێدی کۆمەڵێکی بەرچاو پەیامی پیرۆزبایی و پێشوازی و پشتیوانیی گەرم لەم هەنگاوە لە لایەن لایەنە سیاسییەکان، چالاکانی سیاسی، رۆشنبیران و هەڵسووڕاوانی مەدەنی و هەروەها لە نێوخۆی کوردستان بەگشتی بووین کە ئاراستەی ڕێبەرایەتیی هەر دوو لا کراوە.

بەم جۆرە و لە ڕێگەی ئەم راگەیاندنەوە، حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، سپاسی هاوبەشی خۆیان لە بەرانبەر ئەو پەیامانە و هەست بەو بەرپرسایەتیکردنە دڵسۆزانەیەی خەڵك و لایەنەکانی دیکە دەردەبڕن و هیواخوازین کە بتوانین لەوە بەدواش، پێکەوە هەنگاوی گەورەتر هەڵگرین. دڵنیاین کە رەمزی سەرکەوتنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کورد، لە یەکگرتووبوونیاندایە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢ی سێپتامبری ٢٠١٢ی زایینی
١٢ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی

## شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕێوڕەسمێکی کونسوولخانەی فەڕانسە بەشداری کرد



شاندێکی حیزبی دێموکرات لە ڕێوڕەسمی «کۆتاییهاتنی مەئمووریەتی سەرکونسوولی فەڕانسە لە هەرێم» بەشداری کرد و لەو ڕێوڕەسمەدا دیاریی بەڕێز مستەفا هیجری پێشکەش بە سەرکونسوول کرا.

ڕێوڕەسمێکی ڕێزلێنان بۆ بەڕێز دوکتور «فرێدریك تێسۆ»، سەرکونسوولی کۆماری فەڕانسە، ڕێکەوتی ٩ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، لە هەولێر بەڕێوەچوو. لەسەر بانگهێشتی فەرمیی کونسوولی فەڕانسە، شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەسەرپەرستیی بەڕێز حەسەن شەرەفی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەم ڕێوڕەسمەدا کە بە بۆنەی «کۆتاییهاتنی ئەرك و مەئمووریەتی فرێدریك تیسۆ لە هەرێمی کوردستان» بەڕێوە چوو، بەشداری کرد.

ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوایەتیی «ئەی رەقیب» دەستی پێکرد و دواتر پێشانگایەکی وێنەیی لەسەر ژیانی دوکتور فرێدریك سەبارەت بە خەبات و تێکۆشانی ناوبراو لە نێو نەتەوەی کورد و ماندووبوون و زەحمەتەکانی بۆ نەتەوەی کورد بەگشتی و کوردستانی ئێران بەتایبەتی و پێوەندیی ناوبراو لەگەڵ دوکتور قاسملوو پیشان درا.

پاشان لەسەر رۆڵی کونسوولی پێشووی فەڕانسە و کار و چالاکییەکانی لە هەرێمی کوردستان، کورتەفیلمێکی دێکۆمێنتاری پیشان درا.

لەو ڕێوڕەسمەدا دیاریی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە لایەن بەڕێز حەسەن شەرەفییەوە پێشکەش بە دوکتور فرێدریك تیسۆ کرا.

شاندی حیزب لەو ڕێوڕەسمەدا چاوی بە چەندین کەسایەتی و کونسوولی ژمارەیەك لە وڵاتان لە هەرێمی کوردستان کەوت.

## سەردانی پارتی ئازادیی کورد لە سووریە لە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات

سەرلەبەیانیی رۆژی پێنجشەممە، ڕێکەوتی ٩ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، هەیئەتێکی «پارتی ئازادیی کورد لە سووریە» بە سەرپەرستیی بەڕێز «مستەفا جومعە»، سکرتێری گشتیی ئەو پارتە و وەڤدێکی هاوڕێی سەردانی دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی بەڕێز «مستەفا هیجری»، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێشوازییان لێکرا.

لەم دیدارەدا بەڕێز مستەفا جومعە، باسێکی سیاسی لەسەر رەوشی کورد و رۆڵی «ئەنجوومەنی نیشتمانی کورد لە سوریە» و هەوڵەکانی ئەرتەشی ئازادی سووریە و بەربەرەکانێی کۆمەڵانی خەڵکی سووریە لە بەرانبەر هێزە سەرکوتکەرەکانی حکوومەتی بەشار ئەسەد پێشکەش کرد.

ناوبراو لە درێژەدا ئاماژەی بە هەوڵە دیپلۆماتیکەکانی ئەنجوومەنی ئاسایش و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی کرد کە بە شێوەیەکی بەردەوام رەوتی رووداوەکانی سووریەیان لەژێر چاوەدێریدایە و گوشاریان خستۆتە سەر بەشار ئەسەد بۆ وازهێنان لە دەسەڵات.

پاشان بەڕێز مستەفا هیجری، باسێکی لە پێوەندی لەگەڵ روانین و بۆچوونی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی لەمەڕ پرسی سووریە و ئەگەری ئاڵوگۆڕە سیاسییەکان لەو وڵاتە کرد و لەسەر زەروورەتی یەکیەتی



و یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی کورد لە سووریە جەختی کردەوە و لەسەر پشتیوانیی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بزووتنەوەی مافخوازیی گەلی کورد لە سووریە پێداگری کردوە.

بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامیی ئێران

## هاودیتنی دوو شاندی حیزبی دێموکرات و حیزبی دێموکراتی کورد لە سووریە (ئەلپارتی)

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستی بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزب، رۆژی یەکشەممە، رێکەوتی ٥ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، سەردانی حیزبی دێموکراتی کورد لە سووریە (ئەلپارتی)ی کرد و لەلایەن شاندێکی ئەو حیزبە بە سەرپەرستی بەڕێز د.عەبدولحەکیم بەشار، سکرتێری گشتیی «ئەلپارتی»ییەوە پێشوازی لێکرا.

لەم دانیشتنەدا رەوشی سیاسیی سووریە، ئاڵۆزییەکانی ناوچەکە و دەستێوەردانەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و ئەو پێشهاتانە کە لە ناوچەکەدا روو دەدەن کەوتنە بەرباس و بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزب، روانین و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانی شی کردەوە و لەسەر پێویستی هەرچی زیاتری لێکنیزیکبوونەوەی هێزە سیاسییەکانی کورد پێداگری کردەوە و یەکڕیزی و یەکدەنگیی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردی بە زامنی سەرکەوتنی نەتەوەی کورد زانی.



دواتر شاندی حیزبی دێموکراتی کورد لە سووریە (ئەلپارتی)، وێڕای دەربڕینی بۆچوونەکانی خۆیان، رۆڵ و گاریگەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیان خستە بەرباس و لەسەر لێکنیزیکبوونەوەی هەرچی زیاتری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کورد لە سووریە (ئەلپارتی) پێداگرییان کردەوە.

## هاودیتنی سێ شاندی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە و حیزبی یەکیەتیی دێموکراتیکی کورد لە سووریە

سەرلەبەیانیی رۆژی دووشەممە، رێکەوتی ١٣ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، لە بنکەی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر، دوو شاندی هاوبەشی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز نەجمەدین گوڵپەروەر و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز تاهیر مەحموودی، پێشوازییان لە هەیئەتێکی حیزبی یەکیەتیی دێموکراتی کورد لە سوریە



(یەکیەتی) بە سەرپەرستی بەڕێز ئەبوو سابیر، ئەندامی مەکتەبی سیاسی و نوێنەری ئەو رێکخراوە لە هەولێر کرد.

بەڕێز ئەبوو سابیر، بە بۆنەی رێککەوتننامەی هاوبەشی نێوان حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە گەرمی پیرۆزبایی خۆی پێشکەش کرد و بە مایەی خۆشحاڵیی خەڵکی کوردستان و هەروەها بە هەنگاوێکی گرینگ بۆ سەرجەم هێز و لایەنە سیاسییەکان و دۆستانی بزووتنەوەی کوردی لە قەڵەم دا.

نوێنەرانی حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە، وێڕای دەربڕینی خۆشحاڵیی خۆیان لە هاتنی ئەو هەیئەتە، خاڵەکانی ئەو رێککەوتنامەیان شی کردەوە و لەسەر پتەوترکردنی پێوەندیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، پێداگرییان کردەوە. دواتر لە کەشێکی زۆر دۆستانەدا هەر سێ لایەن روانگە و بۆچوونەکانی خۆیان لەسەر وەزعی سووریە و ئێران هێنایە بەر باس و لێکدانەوە.

## زیاد بوونی رێژەی منداڵانی کار لە شاری ورمێ

بەشێکی بەرچاو لە منداڵانی ورمێ کە تەمەنیان لە خوارەوەی ١٠ ساڵدایە، بە هۆی خراپیی دۆخی ئابووریی بنەماڵەکان، روویان لە کار کردووە. لە نێو شەقام و مەیدانەکان و بەتایبەت ناوەندی شاری ورمێدا، منداڵانی کار بە شێوەیەکی بەرچاو دەبینرێن.

منداڵانی ژێرەوەی تەمەن ١٠ ساڵ لە نێو شاری ورمێ، بەو هیوایە پارەی پاروەنانێکی خوانی ئێوارەی بنەماڵەکەیان دابین بکەن، زیاتر خەریکی واکسکردنی پێڵاوی خەڵك دەبن.

بەپێی ئەم راپۆرتە، بەرپرسانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری ورمێ، هیچ چەشنە ئاوڕێك لە بارودۆخی خراپ و کێشە و ئاریشەکانی خەڵك لە شارەکانی کوردستانی ئێران و لەوانە شاری ورمێ نادەنەوە و رێژەی منداڵانی کار لەو شارە رۆژ بە رۆژ لە زیادبووندایە.

## بەشداریی شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیستدا




کوردستان میدیا: لە رۆژی یەکەمی کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیستدا، لایەنە کوردییەکانی بەشدار، داوای پێکهێنانی کۆمیتەی کوردیان لە ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست کرد.

٢٤ەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست، سەر لەبەیانیی رۆژی پێنجشەممە، رێکەوتی ٩ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، لە شاری «کیپ تاون»، پێتەختی کۆماری ئافریقای باشوور، لە ژێر دروشمی «بۆ ئینتێرناسیۆنالیزمێکی نوێ و کولتوورێکی نوێی هاوپێوەندی»، دەستی بە کارەکانی خۆی کرد و شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی بەڕێز لوقمان ئەحمەدی، نوێنەری حیزب لە ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست، بەشداری تێدا کرد.

٢٤ەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست بە وتەکانی جێگری سەرکۆماری ئافریقای باشوور، بەڕێز «کەگالێما» دەستی بەکارەکانی خۆی کرد.

سەر لەبەیانیی رۆژی یەکەمی کۆنگرە بۆ باس و هەڵسەنگاندنی قەیرانی ئابووریی جیهان و وەڵامی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست بۆ ئەم گرفتە ئابوورییانە تەرخان کرابوو.

پاشان هەڵبژاردنی سکرتێری ئینتێرناسیۆنال و جێگرەکانی ئەنجام درا و لە ئاکامدا «لویس ئایالا» لە لایەن حیزبی سوسیالیستی شیلییەوە وەکوو سکرتێری ئەم رێکخراوە هەڵبژێردرایەوە.

لایەنە کوردستانییەکانی بەشدار لەم کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست، داوای پێکهێنانی «کۆمیتەی کورد»یان لە ئینتێرناسیۆنال کرد.

لە نێوئاخنی رۆژی یەکەمی کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیستدا، هەیئەتی حیزبی چاوی بە نوێنەری چەندین حیزبی بەشداری کۆنگرەکە کەوت.

دووهەمین رۆژی کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست بە قسەکانی بەڕێز «یاکۆب زوما»، سەرکۆماری ئافریقای باشوور دەستی بە کارەکانی خۆی کرد. هەر لەم رۆژدا ئاکامی هەڵبژاردنەکانی جێگرەکانی سەرۆکی ئەم رێکخراوە راگەیەندرا.

بەشێکی دیکەی باسەکانی رۆژی دووهەمی کۆنگرە، تەرخان کرابوو بۆ باسکردن لەسەر پەرەپێدانی دێموکراسی لە جیهاندا.

شایەنی باسە کە کۆنگرە لە درێژەی کارەکانیدا بە تێکڕای دەنگ بڕیاری سەرلەنوێی دامەزراندنی کۆمیتەی کوردی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیستی دا، کە بەپێی پێشنیار و رێککەوتنێك لە نێوان لایەنە کوردییەکان هاتبووە گۆڕێ.

شاندی بەشداری حیزبی دێموکرات لە ٢٤ەمین کۆنگرەی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست لە رۆژی دووهەمی کۆنگرە، چاوپێکەوتن و دیداریان لەگەڵ چەندین بەرپرسی تازەهەڵبژێردراوی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست و سەرکردایەتیی چەند حیزبێکی بەشدار لە کۆنگرە ئەنجام دا.

## ورمێ لە دۆخێکی ئەمنییەتیدایە

رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر مەیدان و شەقام و شوێنە گشتییەکانی شاری ورمێ، دووربینی خولگەداخراو (مداربستە)ی داناوە و هاتوچۆ و کاری رۆژانەی خەڵك کونترۆڵ دەکات.

بەپێی ئەم راپۆرتە، رێژیم بە زیادکردنی گەشتی هێزەکانی خۆی لە ژێر ناوی پاراستنی «ئەمنییەتی ئەخلاقی»ی هاووڵاتییان، ئاسایشی خەڵکی شاری «ورمێ»ی زیاتر لە جاران خستۆتە مەترسییەوە و ترس و دڵەڕاوکێی هاووڵاتییانی چەند قات زیاتر کردووە.

هێزەکانی رێژیم، چۆنیەتیی پۆشینی جلوبەرگ و رەچاوکردنی حیجاب کونترۆڵ دەکەن و بە توندی لەگەڵ ئەو لاوانە کە حیجابی ئیسلامی رەچاو ناکەن، بەرەوڕوو دەبنەوە و ئەم کارەی رێژیم نیگەرانیی هاووڵاتییانی لێکەوتووەتەوە. خەڵکی ورمێ هێنانەبەرباسی پرسی رەچاوکردنی حیجابی ئیسلامی زیاتر بە بیانوویەکی رێژیم بۆ هەرچی زیاتر بە ئەمنییەتیکردنی بارودۆخی ئەو شارە دەزانن.

## کۆچی دوایی دایکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان، لە کرماشان

دایکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان بەناوی دایە «مینا محەممەدی»، دایکی شەهید «محەممەد غەریب ئیسماعیلی»، رێکەوتی ١٠ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

شەهید محەممەد غەریب، خەڵکی ناوچەی زەردۆیی، تاقەکوڕی دایە مینا بوو و لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی لە شەڕی هێزەکانی سپای پاسدارانی رێژیم، لە ناوچەی کۆیڵەی سەر بە شاستانی پاوە شەهید کرا.

دایە مینا زاوایەکیشی بە ناوی «جەبار میهرەبانی»، پێشمەرگەی کوردستان بوو کە لە ساڵی ١٣٥٨ لە شاخی «ئاتەشگا»ی پاوە بە دەستی دەستوپێوەندییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران شەهید کرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری دایە مینا دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## بەشداریی هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات لە شوورای ئینتێرناسیۆنال سۆسیالیست

کۆبوونەوەی شوورای ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست، دوانیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە، رێکەوتی ٨ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، لە شاری «کیپ تاون»ی پێتەختی کۆماری ئافریقای باشوور، بە بەشداریی هەیەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە سەرپەرستیی بەڕێز لوقمان ئەحمەدی، نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست، بەرێوە چوو.

کۆبوونەوەکە بە وتەکانی بەریز «جۆرج پەپاندرۆ»، سەرۆکی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست دەستی پێکرد. لە درێژەی کۆبوونەوەکەدا، چەندین پرسی گرینگ سەبارەت بە رێفۆرمکردن لە ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست و بەهێزکردنی رۆڵی ئەم رێکخراوە لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی جیهاندا کەوتنە بەرباس و لێکدانەوە.

بەشێکی دیکەی کۆنگرەکە تەرخان کرابوو بۆ باسکردن لەسەر وەرگرتنی ئاندامانی نوێ و شێوازی هەڵبژاردن لە کۆنگرەی داهاتووی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیستدا.



کۆنگرەکە بە پەسندکردنی چەندین پێشنیار بۆ کۆنگرەی داهاتووی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست کە لە رێکەوتی ٩ی خەرمانانی ئەمساڵ لە هەمان شاردا دەستی پێکرد، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

شایەنی ئاماژەپێدانە کە نوێنەری حیزبی دێموکرات لە ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست، لە میانەی کۆنگرەکەدا چەندین جار دەرفەتی قسەکردن لەسەر خەباتی حیزبی دێموکرات و هەلومەرجی ئێستای کۆماری ئیسلامی ئێرانی پێ درا. لە میانەی ئەم کۆنگرەدا هەیئەتی حیزب چاویان بە چەندین بەرپرس و نوێنەری ئەندامانی ئینتێرناسیۆنال سوسیالیست کەوت.

## خوێندکارێک و ٣ هاووڵاتیی دیکە دەسبەسەر کران

بەگوێرەی راپۆرتی ماڵپەڕی کوردپا، هێزە ئەمنیەتییەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ماوەیەك لەمەوپێش خوێندکارێکی کوردیان بە ناوی «مەعاز حەکیمی» لە تاران دەسبەسەر کردووە.

مەعاز خوێندکاری کارناسیی باڵای زانستی ئایینیی زانینگەی ئایینی ئیسلامیی تاران و خەڵکی گوندی «شەڕەکان»ی سەر بە شاری پاوە لە پارێزگای کرماشانە.

لە درێژەی ئەم راپۆرتەدا هاتووە کە ئەم خوێندکارە کوردە پێش دەسبەسەرکرانی، لە موناقشە دینییەکان و مشتومڕی مەزهەبیدا بەشداری کردووە و ئەگەری ئەوە هەیە لەو پێوەندییەدا دەسبەسەر کرابێت.

بنەماڵەی مەعاز چەندین جار سەردانی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی رێژیمیان کردووە تا لە بارودۆخی کوڕەکەیان ئاگادار بکرێنەوە، بەڵام هەتا ئێستا هەوڵەکانیان بێ ئاکام بووە.

لەلایەکی دیکەوە و بەپێی هەمان سەرچاوە، ، ٣ هاووڵاتیی دانیشتووی گوندەکانی «بێژوێ» و «گوێزەڵی»ی سەر بە ناوچەی ئالانی سەردەشت، بەناوەکانی لەتیف عەلیخانی، سیامەند عەلیخانی و محەممەد سەعیدی، رێکەوتی ٢ی خەرمانان، لە لایەن هێزە لیباس شەخسییەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار راگوێزراون.

سەرەڕای بەدواداچوونی بنەماڵەی ئەم ٣ هاووڵاتییە هەتا ئێستا لە هۆیەکان و شوێنی دەسبەسەرکرانیان هیچ زانیارییەك لەبەردەستدا نیە.

## کۆچی دوایی دایکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان لە پیرانشار

دایکی شەهیدێکی رێگای رزگاریی کوردستان بە ناوی «رەعنا خدری»، دایکی شەهید «ئەبووبەکر رەحیمی»، خەڵکی گوندی «چەقەڵ مستەفا»ی ناوچەی پیرانشار، بە هۆی نەخۆشی لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

تەرمی پوورە رەعنا لە نێو ئاپۆرای خەڵگی گوندی چەقەڵ مستەفا و گوندەکانی دەوروبەری بە خاك سپێردرا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری پوورە رەعنا دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

## کۆچی دوایی ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە زەڕایەن

ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە ناوی «عەزیز وەلەدی»، کوڕی سەیفوڵلا، خەڵکی گوندی «تەمر خان»ی سەلاسی باوەجانی، رێکەوتی ٥ی خەرمانانی ١٣٩١ی هەتاوی، لە شاری «زەڕایەن»ی هەرێمی کوردستان بەهۆی جەڵتەی دڵ کۆچی دوایی کرد.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، پرسە و سەرەخۆشیی خۆی ئاراستەی بنەماڵە و کەسوکاری کاك عەزیز دەکات و خۆی لە خەم و پەژارەیاندا بە شەریك و بەشدار دەزانێت.

### بەڕێز هیجری لە وتووێژ لەگەڵ «کوردستان»دا:

# ئەم پلاتفۆرمە یەکڕیزی و یەک داخوازیی هێزی کورد و یەکگرتووییان نیشان دەدات



■ وتووێژ: ڕەحمان ئەمیری

ماوەیەك لەمەوپێش پلاتفۆرمێکی هاوبەش لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران واژۆ کرا. لەبەر گرینگیی ئەم بابەتە، «کوردستان» بە پێویستی زانی وتووێژێك لەم بارەوە لەگەڵ بەڕێز مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات پێك بێنێ.

پ: چەند ساڵێکە باس لەوە دەکرێ کە ئێوە هەوڵدان لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەیەکی هاوبەش پێك بێنن یان پلاتفۆرمێکی هاوبەش واژۆ بکەن. ماوەیەك پێش ئێستا لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و «کۆمەڵە» پلاتفۆرمێکی هاوبەش واژۆ کرا. زەروورەتی ئەم ڕێککەوتنە بۆچی دەگەڕێننەوە؟

و: هەوڵەکانی حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی یەکڕیزی و خەباتی هاوبەش بە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە نێوان هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، بە تایبەت هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی سەرەتای بەدەسەڵاتگەیشتنی کۆماری ئیسلامی. ئەو زەروورەتە لەوەڕا سەرچاوەی گرتووە کە:

یەکەم: سەرکوتکردنی یەك یەکی هێزە سیاسییەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی بۆ ئەو ڕێژیمە زۆر بە ئاسانی جێبەجێ دەکرێ بەڵام ئەگەر هەموویان لە ریزێکی یەکگرتوودا خەبات و بەربەرەکانێ درێژە بدەن، ڕێژیم ناتوانێ سەرکوتیان بکات و لە مەیدان وەدەریان بخات.

دووهەم: حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدا بووە لە هەمان کاتدا کە جیاوازیی بیروبۆچوون لە نێوان هێزەکانی بەرهەڵستکاری کۆماری ئیسلامیدا هەیە، خاڵی هاوبەشی زۆریش لە نێو ئەوانەدا هەیە کە دەکرێ لەسەر بنەمای خاڵە هاوبەشەکان یەکگرتوویی و یەکڕیزی پێك بێنن و لەسەر جیاوازییەکانیش وتووێژ بکەن و گوێ لە یەکتری بگرن تا ئەو خاڵانە کەمتر بکەنەوە.

لەو راستایەدا حیزبی دێموکرات لە سەرەتاوە تا ئێستا لە هاوپەیمانییەکانی وەك «هەیئەتی نوێنەرایەتیی گەلی کورد»، «شووڕای نەتەوەیی بەرگری (شورای ملی مقاومت) و ئێستا لە کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فێدراڵ لە هاوپەیمانیدایە و دەوری گرینگی لە پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانییانەدا هەبووە.

تەنانەت هەوڵی هاوپەیمانی لەگەڵ کۆمەڵەش دەگەڕێتەوە بۆ هەشتاکانی هەتاوی، بەڵام ئەو کات ئەو هاوپەیمانییە بە هێندێك هۆ سەری نەگرت. بە دوای کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزب و بەپێی ڕاسپاردەی کۆنگرە ئێمە جارێکی دیکە دەستمان بە وتووێژ لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد کرد، بەڵام بەداخەوە بە هۆی کۆمەڵێك کۆسپ نەمانتوانی بە ئاکام بگەین، بەڵام ئەو کۆسپانە ئێمەیان لە هەوڵەکانمان دڵسارد نەکردەوە. ئەوە بوو نزیکەی ساڵێك لەمەوپێش کە ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و وەزعی خراپی سیاسی و ئابووریی ئێران زیاتر سەریان هەڵدا زەروورەتی پێکهێنانی پلاتفۆرمێکی هاوبەش (لانیکەم جارێ) لە نێوان ئەو دوو هێزە بەرچاوتر و بەپەلەتر بوو، بۆیە لەو کاتەوە لە کۆمەڵێك کاری هاوبەشی بچووك و وتووێژ دەستمان پێکرد و بە خۆشییەوە باش چووینە پێشێ و ئاکامەکەی ئەو بەیانییە هاوبەشە بوو کە هەر دوو لا ئیمزایان کرد و ڕاگەیەندرا. لەوەبەدوا لە چوارچێوەی ئەو پلاتفۆرمەدا لەگەڵ یەکتر هاوکاری دەکەین.

پ: ئایا لەگەڵ حیزب و لایەنە کوردستانییەکانی دیکەدا پێوەندی گیراوە تا بەم پلاتفۆرمە پەیوەست ببن؟

و: تا ئێستا پێوەندی نەگیراوە، بەڵکوو تەنیا پلاتفۆرمەکە ڕاگەیەندراوە و هەموو لایەنەکان و خەڵکی کوردستان لە ناوەرۆکەکەی ئاگادار بوونەتەوە و پێوەندیگرتن لەگەڵ لایەنەکانی دیکە دەمێنێتەوە بۆ دواتر.

پ: لە پلاتفۆرمەکەدا باس لە هاوکاری لە بوارەکانی ڕاگەیاندن و دیپلۆماسی و . . . کراوە. دەکرێ خوێنەرانی «کوردستان» لە هێندێ لە وردەکارییەکانی ئاگادار بکەنەوە؟

و: ئەگەر بمەوێ بە کورتی وەڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە، پێویستە عەرزتان بکەم کە کۆمەڵە و دێموکرات لەسەر کۆمەڵێك خاڵی گرنگ وەك شکڵی حکوومەتی ئێران پاش کۆماری ئیسلامی، مافی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکانی ئێران، پرەنسیپە نێونەتەوەییەکانی وەك پاراستنی مافی مرۆڤ، ئازادی لە هەموو بوارەکاندا و ئەو ڕاستییە کە دێموکراسی و هەموو ئەو مافانە بە بوونی ڕێژیم ئیمکانیان نیە بۆیە بە ڕوونی ڕاگەیەندراوە کە ئەو ڕێژیمە دەبێ بڕووخێ، بە بۆچوونی وەك یەك گەیشتوون و بەپێی بەیانییە هاوبەشەکە بڕیاریان داوە کە ئەو بۆچوونە وەك یەکانە بگوێزینەوە بۆ کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان، حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژئاوایی و ئێرانی. ئەو خاڵانە بەتایبەتی لە ئەمڕۆدا لەو بارەوە گرینگن کە بیانییەکان و هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی کە هەر دوو لامان لەگەڵیان لە پێوەندی و وتووێژداین لە جیاتی بیستنی بۆچوونی جیاواز و هێندێك جار ناتەبایی هێزەکانی کورد، ویست و داخوازیی روون و وەك یەك دەبیستن. ئەمە یەکڕیزی و یەك داخوازیی هێزی کورد و یەکگرتووییان نیشان دەدات و باشتر گوێی لێ دەگرن.

پ: کاریگەریی ڕێککەوتننامەکە لەسەر داهاتووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چۆن هەڵدەسەنگێنن؟

و: بە لە بەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە هەرکام مێژووی خەباتی تایبەت بە خۆیان هەیە، لە کوردستانی ئێران ناسراون، ڕێککەوتنەکەیان لەگەڵ پێشوازیی کەموێنەی خەڵکی کورد بەگشتی و خەڵکی کوردستانی ئێران بەرەوڕوو بوو، بۆیە پێموایە هیوایەکی نوێ بە خەبات و بە داهاتووی گەشتر دەدا بە خەڵکی کوردستان. خەڵکێك کە بە هۆی ئینشعاب و پارچەپارچەبوونی حیزبەکانی کوردی کوردستانی ئێران لەو ساڵانەی دواییدا بێهیوایی رووی تێ کردبوون، بەو هاوپەیمانییە گەش بوونەوە و هەست دەکەن کە ڕەوتی دابڕانەکان کۆتایی هاتووە و جارێکی دیکە یەکڕیزی و هاوخەباتی کە زەروورەتی کاری سیاسیی ئەمڕۆمانە، دەستی پێکردۆتەوە.

# شازدەهەمین کۆنفرانسی وڵاتانی بێلایەن لە تاران

■ موعتەسەم نوورانی

ئەو ڕۆژانە هەواڵی پێوەندیدار بە شازدەهەمین کۆنفرانسی وڵاتانی بێلایەن لە تاران، هەموو هەواڵێکی دیکە وەك بوومەلەرزەی ئەهەر و وەرزەقانی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، زیندانییانی سیاسی، مافی مرۆڤ، گرانی، بێکاری، ئاوسانی دراوی، گەمارۆی قورسی ئابووری، هەڵاواردن لە نێوان کوڕان و کچان لە زانکۆکان، مەسەلەی ژنان، ئاڵوگۆڕی سیاسی، ڕێکخستنی بنەماڵە و مەسەلەی خوێندن بە زمانی زگماکی و ... هەمووی ئەوانەی خستۆتە پەراوێزەوە.

ئەو کۆنفرانسە لە کاتێکدا لە تاران بەڕێوە دەچێ کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی والستریت جۆرناڵی ئەمریکی، ئێران بە توندی خەریکی دەستێوەردانی کێشەی سووریایە. پێویستە ئەوەش بگوترێ ئێران لە سیاسەتی کاروباری دەرەوەیدا لەگەڵ دوو قەیرانی سەرەکی ڕووبەڕوویە، یەکەم تاك و تەریکمانەوەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە بواری سیاسییەوە لە ئاستی نێودەوڵەتیدا و گەمارۆی توندی ئابووری و سیاسیی بەربڵاوی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و وڵاتانی ڕۆژئاوا بە شێوەیەك کە هەتا ئێستا ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان چوار بڕیارنامەیان بە دژی ئەو وڵاتە دەرکردووە. دووهەم، پەرەگرتنی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی سووریا بە دژی ڕێژیمی بەشار ئەسەد و بەرزبوونەوەی تێکهەڵچوونی چەکدارانە و توندوتیژی لە سووریادا. قەیرانی یەکەمیان کە پێوەندیدارە بە چالاکییە ئەتومییەکانی ئێران ئەگەری تێسرەواندنی گوزەری سەربازیی وڵاتانی ڕۆژئاوای لێدەکرێ. قەیرانی دووهەمیشیان بە دارمانی ڕێژیمی بەشار ئەسەد گرینگترین تەوەری بنەڕەتی سیاسەتی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تێك دەشکێ و پێوەندیی نێوان هیلالی شێعە تووشی کێشە و گرفت دەبێ. هەموو هەوڵی ڕێژیم لە کۆنفرانسی وڵاتانی بێلایەندا بۆ دۆزینەوەی فێڵە شەرعییەك بوو کە ڕێژیمەکەی ئەسەد لە قەیران نەجات بدات. لە کۆبوونەوەی ڕۆژەکانی ٩ و ١٠ی گەلاوێژدا دەرکەوت کە هەوڵەکانی ڕێژیم تەنیا خەیاڵ بوون. لە ڕاستیدا ڕێژیمی ئێران ئەو سیاسەتەی کە لە هەمبەر ڕێژیمی سووریا گرتوویە پێش خۆشکردنی ئاگری شەڕە لە سووریادا.

مەسەلەی بزووتنەوەی بێلایەن لە بنەڕەتدا لەسەر بیروبۆچوونی وجوودی دنیایەکی سێهەم لە نێوان دوو دنیای دیکەدا، یانی بەرەی وڵاتانی سوسیالیستی بە سەرۆکایەتی یەکیەتیی سۆڤییەت لە لایەك و بەرەی وڵاتانی سەرمایەداری و پیشەسازی بە سەرۆکایەتی ئامریکا لە لایەکی دیکەوە دامەزراوە کە ڕێگایەکی سەربەخۆ بە بێبەشداری لە پەیمانە نیزامی ـ سیاسییەکانی سەر بە هەرکام لە دوو دنیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا وەبەرچاو دەگرێت.

ئەو بیرۆکە لە ساڵی ١٩٥٥ لە لایەن جەواهیر لەعل نەهرۆ، سەرۆك وەزیرانی هیندووستان، جەماڵ عەبدولناسر، سەرۆك کۆماری میسر، مارشاڵ تیتۆ، سەرۆك کۆماری یوگوسلاوی و ئەحمەد سوکارنۆ، سەرۆك کۆماری ئەندۆنیزیا لە شاری باندۆنگی ئەو وڵاتە داڕێژرا. لە ساڵی ١٩٦١دا لە شاری بلگراد، پێتەختی یوگوسلاوی یەکەم کۆنفرانسی وڵاتانی بێلایەن بە بەشداریی ٢٨ وڵات بەڕێوەچوو. ئەو بزووتنەوەیە لەسەر بنەمای سیاسەتی بەڕێوەبردنی وڵات لەسەر ئەساسی نەدانی پوان بە هیچکام لە وڵاتانی زلهێز دامەزرا. بەرەبەرە هەر رووی لە زیادبووندا بووە. ئێستا ١٢٠ ئەندام و ٣١ ئەندامی چاوەدێری هەیە کە نێزیك بە دوو لەسەر سێی ئەندامانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان تێیدا بەشدارن، هەر ٣ ساڵ جارێك کۆبوونەوە دەگرێ و کۆبوونەوەی ئەمجارەی سەرانی وڵاتانی بێلایەن لە تاران جیاوازی سەرەکی لەگەڵ کۆبوونەوەکانی دیکەی ساڵانی پێشووی ئەو وڵاتانە هەبوو. چوونکە لە ماوەی ٣ ساڵی ڕابردوودا بە هەڵکردنی شنەبای بەهاری عەرەبی وڵاتانی تونێس، میسر، لیبیا و یەمەن ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هات و بنعەلی، موبارەك، قەزافی، و عەلی عەبدوڵڵا ساڵح لە کۆبوونەوەی تاران بەشدار نەبوون، دڵنیام لە کۆبوونەوەکانی سێ ساڵی داهاتووشدا کە لە وێنزوێلا دەگیرێ سەرانی ئێستای سووریا و چەند وڵاتی دیکەش بەشدار نابن. لە ڕاستیدا کۆبوونەوەکانی ئەم جارە کاتێك سەرکەوتوو دەبوون کە وەك کۆنفرانسی حەوتەمی بێلایەنەکان، بە هۆی هێرشی یەکیەتیی سۆڤییەت بۆ سەر ئەفغانستان لە ساڵی ١٩٧٩ ئەو وڵاتەیان مەحکووم کرد. تەنیا سێ وڵاتی ئەلجەزایر و عێراق و هیندووستان لە ئاکامی بڕیاری ئەو کات ناڕازی بوون، بەڵام بەداخەوە ئەمجار لە بارەی وەزعی نالەباری سووریا کە ڕۆژانە بە دەیان کەس خەڵکی سویل و بێتاوان دەکوژرێ جیا لە محەممەد مۆرسی و بانکیمۆن، وڵاتانی دیکە لۆکەلەگوێیان داخنن.

کۆنفرانسی ئەمجارە بە قسەکانی خامنەیی، ڕێبەریی ئێران دەستی پێکرد، دوای خامنەیی محەممەد مۆرسی، سەرۆك کۆماری میسر قسەکانی بە سڵاو لە ئەبووبەکر، عومەر و عوسمان، سێ خەلیفەکانی ئیسلام دەست پێکرد. دیارە ئەوە بۆ ڕێژیمی وڵایەتی فەقیە شتێکی تازە بوو، لە بەشێکی دیکە لە قسەکانیدا باسی شۆڕشی بەهاری عەرەبی و پشتیوانی خەڵکی زوڵملێکراوی سووریای کرد کە بە هۆی ڕێژیمی زاڵم و سەرکوتکەری بەشار ئەسەد قەتڵ و عام دەکرێن. لە ماوەی قسەکانیدا وەفدی سووریا بەشدار لە کۆنفرانسەکەدا بە نیشانەی ناڕەزایەتی کۆبوونەوەکەیان جێهێشت و پاش قسەکانی ناوبراو هاتنەوە ژوور. بەڵام شتێك جێگای سەرنج بوو کە وەرگێڕی ئێران قسەکانی محەممەد مورسی چەواشە دەکرد و بەپێچەوانە وەری دەگێڕایەوە. بۆ نموونە لە جیاتی سووریا واژەی بەحرەینی بە کار هێنا و لە جیاتی شۆڕش وشەی ئاژاوە و لە جێگای بەهاری عەرەبی بیداری عەرەبی بەکار هێنا کە لەوێ وەلید موعەلم، وەزیری دەرەوەی سووریا، سەرۆك کۆماری میسری بە دەستێوەردان لە کاروباری سووریا تاوانبار کرد و وتی ئاغای مۆرسی جارێکی تر بە دژی سوننەتەکانی وڵاتانی بێلایەن هەڵسوکەوتی کرد، وادیارە هەر کەس حەق بڵێ دژی سوننەتەکانی وڵاتانی بێلایەنە.

ئەوە جێگای سەرنجە کە دەزگای تەبلیغاتی کۆماری ئیسلامی زۆر لە مێژ بوو بانگەشەی بۆ هاتنی سەرۆك کۆماری تازەی میسر دەکرد و بە هاوپەیمانی خۆیانی لە قەڵەم دەدا کەچی دوای تەحویلدانی بەرپرساریەتی وڵاتانی بێلایەن بە ئەحمەدینژاد بێ ئەوەی چاوی بە ڕێبەری ئێران بکەوێ، دوای ٤ سەعات مانەوەی، ئێرانی بە جێهێشت. هەروەها لەو کۆبوونەوەیەدا بان کی مۆن، سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەو کۆنفرانسە قسەی کرد و داوای لە ڕێبەرانی ئێران کرد کە ڕێز لە مافی مرۆڤ بگرن، ڕێز لە بیروڕای خەڵك بگرن و قەیرانی بەرنامەی هەستەیی لە ڕێگای وتووێژ چارەسەر بکەن. لە لایەکی دیکە چەندین نامەی سکاڵا بۆ بان کی مۆن و ئەندامانی بزووتنەوەی بێلایەن نووسرابوو کە لە نامەی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستاندا باسی «ئێعدامی بەربڵاو» لە ئێراندا کرابوو. هەروەها باسی ئێعدامی لاوان و زیندانییانی سیاسی و ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و روحیی لە زیندانەکاندا دەکات. باسی نابەرابەری مافی ژنان و پیاوان و زەوتکردنی مافی نەتەوایەتی، مەزهەبی، زمانی و گەلانی ژێردەستە دەکات. لە بەشێکی دیکەی نامەکەدا هاتووە کە «لەگەڵ ئەوەی گەلی کورد لە بواری ڕادەی دانیشتووانی لە ئێراندا نەتەوەی سێهەمە، بەڵام مەوجوودییەت و مان و پێناسەی کولتووری، زمانی و سیاسی ئەو نەتەوە بە شێوەیەکی خەفەتهێنەر خەریکە لە ناو دەچێت و ئەو گەلە لە ژێر باری زوڵم و ستەم و نیری یەخسیریدا دەچەمێنێتەوە. لە بچووکترین ئازادییەکانی سەرەتایی و لە هەر چەشنە مافێکی سیاسی، کولتووری و ئابووری بێبەشن و حیزب و ڕێکخراوەکانی سیاسیی کورد ئیجازەی چالاکی ئاشکرایان نیە، ڕێکخراوەکانی مەدەنی و مافی مرۆڤ سەرکوت دەکرێن».

بان کی مۆن لە دیدار لەگەڵ سەیدعەلی خامنەیی، سەرۆکی ئێران لە باری وەزعی خراپی مافی مرۆڤ قسەی کرد. کۆبوونەوەی سەرانی وڵاتانی بێلایەنی کۆتایی پێهات. کۆماری ئیسلامی هیوادار بوو کە بەڕێوەچوونی ئەو کۆنفرانسە لە بواری نێونەتەوەیی لەو تاك و تەریکمانەوە بیهێنێتە دەرێ، بەڵام دەرکەوت نەك بە قازانجی نەبوو بەڵکوو بە قسەکردنی سەرۆك کۆماری میسر و بان کی مۆن، سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان زۆری بە سەردا شکایەوە.

ئەو کۆنفرانسە بۆ ئێران هیچ دەسکەوتێکی نەبوو، شتێکی ڕواڵەتی و بێناوەڕۆك و پڕخەرج بوو کە لە خراپترین وەزعی ئابووریی وڵاتدا خەرجێکی زۆری بۆ کۆماری ئیسلامی هەڵگرت کە وەك کارنامەیەکی دزێو لە مێژووی ئەو وڵاتەدا دەمێنێتەوە.

سەرچاوەکان:

١: www.wsj.com
٢: www.time.com
٣: newsgooya.com
٤: developing countries

# تێڕامانێک لەسەر گەڵاڵەی جیاکردنەوەی ڕەگەزیی زانکۆکان

■ رامبود لوتفپووری



ئاوڕدانەوەیەك لە ڕووداو و گۆڕانکارییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی کۆمەڵگای ئێران و بەتایبەت پێشهاتە سیاسییەکانی نێو ئەم وڵاتە، ڕاستییەکمان بۆ دەردەخات کە ئەویش بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی خەڵکی ئێران بە گشتییە. لە لایەك ئاستی ڕووناکبیریی پیاوان و بەهرەمەندبوونیان لە تیۆرییە پێشکەوتووە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان بەرز بۆتەوە و لە لایەکی تر بەشداری و ئامادەبوونی ژنان لە بیاڤی گشتی کۆمەڵگا و کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی سیاسیی وڵات پەرەی سەندووە.

ئەمە لە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیکدا دەتوانێ وەك پارامیترێك بۆ هەڵسەنگاندنی ڕادەی پێشکەوتنی وڵات و کۆمەڵگا لەبەرچاو بگیردرێ و وەك فاکتەرێکی پۆزتیڤ لێك بدرێتەوە. بەڵام هەر ئەم فاکتەرە پۆزتیڤە بۆ سیستمێکی ئایدۆلۆژی نەریتی و داخراوی وەك کۆماری ئیسلامیی ئێران دەبێتە فاکتەرێکی هەڕەشە و وەك مەترسییەك لەبەرچاو دەگیردرێت. هەر لە جێدا سیستمە سیاسییە ئایدۆلۆژیکەکان، چوارچێوەیەکی داخراو و کۆمەڵێك پاساو و بنەمای تایبەت و نەگۆڕیان بۆ فەلسەفەی بوون و پێویستیی مانەوە و مێتۆدی کارکردنیان هەیە کە وەك بناغەکانی پاراستنی ئەو سیستمە ڕۆڵ دەبینن و هەر گۆڕانکاری و ڕووداوێك کە لەو چوارچێوە دەرباز بێت و پرەنسیپەکانی بخاتە ژێر پرسیارەوە، وەکوو مەترسی و هەڕەشەیەکی شێلگیر بۆ سەر گشتییەتی سیستمەکە لەبەرچاو دەگیردرێت.

کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش وەك یەکێك لەو سیستمانە، بنچینەکانی خۆی لەسەر ئایدۆلۆژیایەکی نەریتیی ئایینی بنیاد ناوە. بە چەشنێك کە دەتوانین بڵێین ئایدیالی ئەم سیستمە پێکهێنان یان پاراستنی کۆمەڵگایەکی نەریتی و ئایینییە کە کەلتوورەکەی پشت بە هەندێك نۆرم و بەهای ئایینی پیاوسالارانە دەبەستێ. لە ڕاستیدا کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە هەوڵەکانی خۆی لەو پێناوەدا دەست پێکرد و بە هەموو شێوەیەك و لە هەموو بوارەکاندا بەئیسلامیکردنی کۆمەڵگای ئێرانی کردە سەرەکیترین ئامانجی خۆی. لەو چوارچێوەیەشدا سیستمی پەروەردە گرینگترین بەشی کۆمەڵگایە و دەبوو لەوێوە دەست پێ بکەن. پرۆژەی شۆڕشی کولتووری و دامەزراندنی ئەنجوومەنی بەرزی شۆڕشی کولتووری یەکەمین هەنگاوی پراکتیکی و بنیادیی ئەو سیستمە بوو. ساڵی ١٣٦٦ی هەتاوی ئەنجوومەنی بەرزی شۆڕشی کولتووری بڕیاری جیاکردنەوەی ڕەگەزیی زانکۆکانی ئێرانی دەرکرد، هەر چەند ئەم بڕیارە هەنووکە بە تەواوی نەکەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. بەڵام هەر لە جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە ڕیزی کورسییەکانی خوێندنی پۆلەکان و گۆڕینی نێوەڕۆکی سەرچاوەکانی خوێندنەوە دەستی پێکرد تا ئەمڕۆ کە باس لە پێکهێنانی زانکۆی تاکرەگەزی و جیاکردنەوەی بەشەکانی خوێندن بەپێی ڕەگەز دەکرێت. ئەگەر چاوێك لە نامیلکەی کۆنکووری ئەمساڵی زانکۆکانی ئێران بکەین، ئاراستەیەکی سەرەکی تێدا بە دی دەکرێ کە ئەویش بەپیاوانەکردنی زیاتری بەشە تەکنیکی و ئەندازیارییەکان و بەژنانەکردنی بەشەکانی زانستە مرۆییەکانە.

## پاساوەکانی جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیە:

ـ چارەسەریی گرفتە کولتوورییەکان بە هۆی لەمپەری ڕەوشتییەوە

واتە جیاکردنەوەی هەر دوو ڕەگەزی نێر و مێ لە یەکتر لە زانکۆکان و کەمکردنەوەی دەرەتانی پێکەوەبوونی ئەم دوو ڕەگەزە بە مەبەستی ڕێگرتن لە ڕوودانی هەر چەشنە کێشەیەکی ڕەوشتی.

بەم شێوەیە هەوڵ بۆ پاراستنی کولتووری ئایینی و خەوشدارنەبوونی پرەنسیپەکانی دەدرێت.

ـ بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی زانکۆکان

مەبەستی ئەم پاساوە ئەوەیە کە جیاکردنەوەی کوڕان و کچان لە پۆلەکانی خوێندن و زانکۆکان دەبێتە هۆی ئازادی و ئاسوودەیی هزرییان و تەرخانکردنی کاتەکانی خوێندکاران بۆ فێربوون و خوێندن و دوورکەوتنەوەیان لە بابەتی لاوەکی و بێ سوود.

ـ ڕەخساندنی هەلی کاری زیاتر بۆ کوڕان

لەم بارەوە بەڵگاندنەکە ئەوەیە کە هەندێك لە بەشەکانی خوێندن بەتایبەت ئەندازیارییەکان هیچ قازانجێکی بۆ کچان نیە و بوونی کچان لەوێ تەنیا ڕێگا لە کوڕان دەگرێت. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەش کە لە کۆمەڵگای نەریتیی ئێراندا پیاو دابینکەری سەرەکیی باری دارایی بنەماڵەیە، کەوابوو لە بەشە تەکنیکییەکانی خوێندندا کە لە داهاتوودا ئەگەری بەدەستهێنانی کاریان زیاترە، پێویستە زیاتر کوڕان وەربگیرێن. بێ گومان ئەمانە تەنیا پاساوەکانی سیستمی کۆماری ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیەن دەنا ئامانجە سەرەکییەکان بە ڕانەگەیەندراوی لە دوو توێی بڕیارەکاندا ماونەتەوە.

## ئامانجە سەرەکییەکان

ـ ئامانجی ئابووری

وەك باسمان کرد لە هەندێك لە بەشەکاندا بە هۆی نەبوونی بازاڕی کار بەتایبەتی بۆ کچان، دەرچووانی ئەم بەشانە سەرباری تێچوویەکی زۆری خوێندن کە بەشی زۆری دەکەوێتە سەرشانی دەوڵەت لە کۆتاییدا و پاش دەرچوون بێکار دەمێننەوە. لە چارەسەرییەکی پێچەوانەدا، ئەم گەڵاڵەیە دەیهەوێت لە لایەك ئەو تێچووە کەم بکاتەوە و لە لایەکی تر بە ئاراستەکردنی خوازیارانی کچی ئەو بەشانە بۆ زانکۆ ناحکوومییەکان سەرچاوەیەکی داهاتیش بۆ دەوڵەت دابین بکات. بۆیە دەڵێین چارەسەری پێچەوانە، چوونکە لە ڕاستیدا چارەسەری ئەو کێشەیە نۆرماڵکردنی ڕادەی وەرگرتنی خوێندکار و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ دەرچووانی ئەو بەشانەیە نەك بە ڕەگەزی کردنیان.

ـ ئامانجی کۆمەڵایەتی

لە سەرەتای بابەتەکەدا ئاماژەمان پێکرد کە کۆمەڵگای ئێران و سیستمە حکوومەتییەکەی نەریتیی ئایینییە و لەسەر بناغەی کولتوورێکی پیاوسالارانە دامەزراوە. کەوابوو ژیان و مانەوەی ئەم سیستمە بەندە بە پاراستنی بنەما کولتوورییەکانی و دوورخستنەوەی لە هەر پرۆسەیەك کە ئەم هاوڕێکییە تێك بدات. پەرەسەندنی ئامادەبوونی ژنان لە بیاڤی گشتی کۆمەڵگا و هوشیاربوونەوەی هزری و سەربەخۆیی ماددییان گەورەترین هەڕەشە بۆ ژیان و مانەوەی ئەم سیستمە واتە سیستمی نەریتیی ئایینی پیاوسالارانەیە. ڕێژەی لە سەدا شەستی ئەمساڵی کچان لە نێو وەرگیراوانی زانکۆدا فاکتەرێکە بە توندی هەڕشە لە بناغە نەریتییەکانی ئەم کۆمەڵگا پیاوسالارە دەکات. دەربازبوونی ژنان لە بیاڤی تایبەتیی بنەماڵە و هاتنیان بۆ نێو بیاڤی گشتیی کۆمەڵگا، بوار بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاری و سەربەخۆیی ماددییان دەرەخسێنێ کە ئەمە لە خۆیدا نۆرم و بەهاکانی کولتووری کۆمەڵگای پیاوسالار دەخاتە مەترسییەوە. بۆیە سیستمی حکوومەتیی ئێران هەوڵ دەدات میکانیزم بۆ ڕێگرتن لەو هەڕەشەیە و کۆنترۆڵی بارودۆخی دارایی دابنێت.

ـ ئامانجی سیاسی

لە ڕاپەڕینەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی خەڵکی ئێراندا ڕۆڵی خوێندکاران و بزاڤی خوێندکاری بەگشتی ڕۆڵێکی بەرچاو و دیار بوو. ئەم بابەتە لە دوو سۆنگەوە شایانی لێ وردبوونەوە و تێڕامانە، یەکەم بەشداریی بەرچاوی ژنان و کچانی خوێندەوار و خوێندکار لەو ڕاپەڕینانەدایە، تا ئەو ڕادەیەی کە کەسێکی وەك " نەدای ئاغاسوڵتان" دەبێتە هێما و سیمبۆلی ئەو قۆناغە لە ڕاپەڕینی خەڵك. لە ڕابردوودا زۆرترین قورسایی جووڵانەوە نارەزایەتییەکان لەسەر شانی نیوەی کۆمەڵگا واتە پیاوان بوو، بەڵام ڕووداوەکانی چەند ساڵی ڕابردوو دەریانخست کە نیوەکەی تری کۆمەڵگا واتە ژنانیش پەیوەستی جووڵانەوە بوون و ئاستی هوشیاریی سیاسییان پێشکەوتنێکی بەرچاوی بە خۆوە دیوە. کە بێ گومان ئەم دیاردەیەش بەرهەمی پەروەردەی پێکهاتەشکێن و ڕەخنەگرانەی زانکۆیە.

دووهەم، پیاوانیش کە پێشتر وەك توێژێکی شوێنکەوتە و پێڕەو تێکەڵ بە جووڵانەوە دەبوون و بۆ پێکهێنانی گۆڕانکاری وەدوای ڕێنوێنییەکانی توێژە نەریتییەکانی کۆمەڵگا (وەك ئاخوندەکان) دەکەوتن، لە ساڵانی ڕابردوودا ڕاستییەکی نوێیان دەرخست کە ئەویش دەرکەوتنی هەندێك ئێلیتی ڕووناکبیر و تیۆریسییەن لە نێویاندا بوو کە ڕۆڵی ڕێنیشاندەر و تیۆریسییەنی جووڵانەوەکانیان دەدیت. ئەم توێژە ئێلیتە هەمان ئەو کەسانە بوون کە یا خوێندکار بوون یان پەروەردەی سیستمی نوێی زانکۆکان بوون و لە زانستە مرۆییەکاندا پسپۆڕ و شارەزا بوون.

بە کورتی دەتوانین بێژین گەڵاڵەی ئاماژەپێکراو، گەڵاڵەیەکی دوو مەبەستە بوو بۆ کۆنترۆڵ و ناکاریگەرکردنی هەر دووکی ئەو دیاردانەی ئاماژەیان پێکرا. واتە ئامانجە سیاسییەکانی ئەم گەڵاڵەیە بریتی بوون لە، یەکەم، دوورخستنەوەی پیاوان لە بەشەکانی زانستە مرۆییەکان لە ترسی پیاوانی ڕووناکبیر و داهێنەر و تێگەیشتوو، دووهەمیش دوورخستنەوەی ژنان لە بیاڤی گشتیی کۆمەڵگا لە ترسی ژنانی سەربەخۆ و سیاسی و هوشیار.

## دەرئەنجامەکانی جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیە:

بێ گومان دوورخستنەوەی کچان لە بیاڤی گشتیی کۆمەڵگا و بەرتەسککردنەوەی دەرەتانی چوونە زانکۆیان، بەرەوڕووی دۆخێکی نەخوازراو، واتە پێکهێنانی ناچاری ژیانی هاوبەشیان دەکاتەوە، ئەمە وێڕای جێبەجێکردنی گەڵاڵەی تەواوکەری "وەلانانی شێوازەکانی پێشگیری لە ئاوسبوون" بە تەواوەتی ژنان لە چوارچێوەی بیاڤی تایبەتی واتە بنەماڵەدا قەتیس دەکاتەوە و کۆمەڵگا لە نیوەی پۆتانسییێل و هێز و وزەی خۆی بێبەش دەکات. هەروەها پرۆسەی هاوسەرگیری ناچارییش کۆمەڵێك دیاردەی وەك چوونەسەرەوەی ڕێژەی خۆکوژی ژنان، جیابوونەوەی هاوسەران و نادەروەستی بەرامبەر بە بنەماڵە و گەندەڵیی ڕەوشتی بەرهەم دێنێت.

گرینگترین ئاکامی جێبەجێکردنی ئەم گەڵاڵەیەش نەریتی مانەوەی کۆمەڵگا بە هۆی تاکرەگەزیبوونەوەی هێزە ئاکتیڤەکەیەتی کە دەبێتە یارمەتیدەری مانەوەی سیستمی پیاوسالاری و درێژەکێشانی دەسەڵاتی ڕەهای پیاو لە کۆمەڵگادا. بێ گومان کۆی ئەم بارودۆخەش ئیزۆلەبوونی زیاتری کۆمەڵگای ئێرانی لە سیستمی جیهانیدا لێدەکەوێتەوە.

---

## ڕۆژەڤ

و: ڕەزا فەتحوڵڵانژاد

## ئابووریی چین

ماڵپەڕی «ئێکۆنۆمیست» وتارێکی لە ژێر ناوی «ئابووریی چین، بەلەمە هێواشەکان» بڵاو کردەوە. نووسەری بابەتەکە بەم شێوە دەست پێدەکات کە: «ئابووریی چین عادەتی چاوەڕوانییە پەیتاپەیتاکانی هەیە. بۆ دە ساڵ بە بەردەوامی، لە ٢٠٠١ەوە تا ٢٠١٠، نرخی گەشەکردنی لە پێشبینییەکانی دامەزراوەی ماڵی نێونەتەوەیی زیاتر بووە، هێندێ جار بە مەودایەکی زۆرەوە. بەڵام ئەمساڵ، وێدەچێ وا نەبێ. لە مانگەکانی ڕابردوودا، بەرهەمی پیشەسازی بە توندی دابەزیوە، پشکەکانی کالا نەفرۆشراوەکان لەسەر یەك کەڵەکە بوون و بازاڕی پشکی شانگهای لە خوارەوەی سێ ساڵانەیە. بۆ یەکەم جار لەم سەدەدا، لە ٢٠١٢دا، نرخی گەشەی چین لەوانەیە تا خوار ٨٪ دابەزیوە.» نووسەر دواتر دەڵێ: «بەوەی کە جیهان ئێستا زیاتر بە ئابووریی چینەوە بەستراوەتەوە، ئەمە نیگەرانکەرە». نووسەر دوایی ئەم ڕەوتە بە ئاسایی دەزانێ و پێی وایە هۆکارەکەی زیاتر لەوەی پێکهاتەیی بێت، دەورەییە. ئەو دواتر باسی ئەو هەنگاوانە دەکات کە دەوڵەتی چین بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم بارودۆخە لەپێشی گرتووە و لەگەڵ بەرنامەکانی پێشووی ئەو وڵاتە بۆ دڵنیایی بەخشین بە بانك و سەرمایەدارە نێودەوڵەتییەکان یەك ناگرنەوە. هەروەها دەنووسێ: «هێندێ ئێستا شکیان لە توانایی بانکی ناوەندی بۆ وەگەڕخستنەوەی گەشە هەیە. ئەوان دەڵێن تەنانەت لە کاتێکدا نرخەکانیان دابەزاندووە و پێشیان بە زۆربوونی قەرزەکان گرتووە، بڕواپێکراوی وەك پێشتری لێنایەتەوە، چوونکە بانکەکان ناتوانن سەرمایەدانەری دڵخواز بدۆزنەوە.»

نووسەر دواتر دەنووسێ: «لەم ئارگۆمێنتانەدا هێندێ ڕاستی هەیە. بەڵام ئەمە هەموو داستانەکە نیە. سیاسەتڤانانی چیین هێشتا توانایی وەگەڕخستنەوەی گەشەیان هەیە. بەڵام هێندێ نایانهەوێ ئەمە بە هەر تێچوویەکەوە بکەن. جیاوازییەکان لە سەرەوە ئەوەندەی سیاسییە، ئەوەندەش فەلسەفییە. پەرەگرتنی ئابووری پێشتر هەموو شتەیەکی پەرە پێدەدا. پاراستنی نرخی گەشە لە ئاستی بەرزدا، ، تەنیا بۆ ڕاگرتنی نرخی بەهرە لە خوارەوە، لە لیستی ئەولەوییەتبەندیدا لە پلەی دووهەمدا بوو. بەڵام هێندێ لە سیاسەتڤانانی چینی هەنووکە لە بارەی بڕواپێکراویی چین بۆ سەرمایەدانان و چاوەڕوانیی دارایی نیگەرانن، کە دەبێتە هۆی ئەوەی هێندێ لە بنەماڵە نێونجییەکان لە بازاڕەکانی شارە گەورەکان بچنە دەرەوە.

لە ڕابردوودا، دەوڵەتێکی چینی لەگەڵ داکشانی خراپ بەرەوڕوو بوو کە دەبووە هۆی بێکەڵکبوونی کونترۆڵی دارایی و پەنابردنە بەر ئەو دامەزراوە ماڵییانەی سەر بە دەوڵەتن بەمەبەستی پەرەپێدانی توانایی. وەها وەڵامێکی نەریتی و بێسەروبەرە، بەبێ شك گەشەکردنەوەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام ڕیفۆرمی پێکهاتەیی وەدوا دەخات، وەك لیبرالیزاسیۆنی ماڵی کە ئەم وڵاتە پێویستی پێیەتی. سیاستڤانانی دەرەوەی چین لەوانەیە خوازیاری کردەوەی بنچینەییتر بن. بەڵام ئەگەر ئەم گومانە، ئەو توانایییە بە چین ببەخشێ کە ڕێگەی پاراستنی هاوسەنگی لە ئابوورییەکەی بپارێزێ، ئەوە دەبێتە هەواڵێکی باش بۆ هەر کەسێك».

سەرچاوە:
The Economist

# هونەرمەندانی کورد میوانی فێستیڤاڵی مۆسیقای شەرقی لە ئاڵمان



ئاینوور دۆغان

لەم خولە لە فێستیڤاڵی رۆژهەڵاتی کە رۆژی ٣ی خەرمانانی ئەمساڵ لە ئووسنابروکی ئاڵمان بەڕێوەچوو، هونەرمەندانی کورد لە ناوەندی سەرنجدا بوون. هونەرمەندانێکی بەناوبانگ لە تورکیە، عەراق، سووریە و ئێران بەشدار بوون کە لە ناویاندا دەکرێت ئاماژە بە ناوی کەیهان کەلهوڕ بکەین.

فێستیڤاڵی مۆسیقای رۆژهەڵاتی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ەوە هەتا ئێستا لە شاری ئووسنابروکی ئاڵمان بەڕێوەدەچێت، لە ماوەیەکی کورتدا بووەتە خاوەنی پێگەیەکی تایبەت. فێستیڤاڵی ئەمساڵ کە لە رۆژی ٣ی خەرمانانەوە دەستی پێکرد و هەتا ١١ی خەرمانانی خایاند، تایبەت کرابوو بە مۆسیقای کوردی و هونەرمەندانی بەڕەچەڵەك کورد لە وڵاتانی ئێران، عەراق، سووریە و تورکیەوە میوانی ئەم خولە بوون.

میشائێل دراییێر، بەڕێوەبەری فێستیڤاڵی مۆسیقای رۆژهەڵات لە وتووێژێکدا لەگەڵ ماڵپەڕی دۆیچەوێلەی فارسی باسی لە بایەخی پەرژان لە مۆسیقای کەمینەکان کرد و ئەو بابەتەی بە هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی مۆسیقای کوردی وەکوو تەوەری سەرەکی فێستیڤاڵەکە دانا. ئەو بە ئاماژە کردن بە سەرنجڕاکێشیی مۆسیقای کوردی دەڵێت: «سەرەڕای ئەوەش دەبێت ئەوەمان لەبەرچاو بێت کە لەم ناوچەیەدا هەموو کولتوورە مۆسیقاییەکان کاریگەرییان لەسەر یەکدی داناوە، مۆسیقای ئێرانی بەسەر کوردیدا، کوردی بەسەر تورکی و ئەرمەنی و..هتد. هەربۆیەش ماوەیەکی زۆر بوو بیرم لەوە دەکردەوە کە لەگەڵ ئەوەدا کە خولەکانی پێشووی ئەم فێستیڤاڵە تایبەت بە مۆسیقای ئێران، ئازەربایجان و سووریە بووە، ئێستاش مۆسیقای کوردی دەخەینە ناوەندی سەرنجەوە.»

## کرانەوەی فێستیڤاڵ بە تاك ژەنینی کەیهان کەلهوڕ

بڕگەی یەکەمی فێستیڤاڵ کە شەوی هەینی ٣ی خەرمانان بەڕێوەچوو، بە تاك ژەنینی کەمانچە لە لایەن کەیهان کەلهوڕەوە دەستی پێکرد، بڕگەی دووهەمیش وەکوو نەریتێکی هەمیشەیی فێستیڤاڵ، ئۆرکێسترای مەجلیسیی ئەو فێستیڤاڵە هونەری خۆی بردەسەر شانۆ. لەو ئۆرکێسترایەدا هونەرمەندان لە وڵاتە جیاوازەکان وەك ئێران، تورکیە، ئازەربایجان، ئەرمەنستان، هونەرمەندانی کورد و هەروەها ژەنیارانی ئاڵمانی ئامادە بوون.

میشائێل دراییێر ئەم ئۆرکێسترایەی بە ئیلهام وەرگرتن لە ئۆرکێسترای دیوانی رۆژهەڵاتی رۆژئاوایی ساز کردووە و دەڵێت: «من سەردەمێك زۆر لەگەڵ ئۆرکێسترای رۆژهەڵاتی رۆژئاوایی بە سەرپەرشتیی دانییێل بارێنبویم سەروکارم هەبوو. لەو ئۆرکێسترایەدا ژەنیارانی عەرەب و جوولەکە لە تەنشت یەکەوە بەرهەمی ئاهەنگسازگەلێکی گەورە وەکوو «شوبێرت و شومان» یان دەژەند و ئەو


بەهمەن قوبادی

بیرۆکەیەم لا درووست بوو کە ئۆرکێسترایەك لە هونەرمەندانی رۆژهەڵاتی ساز بکەین بۆ ئەوەی بەرهەمی ئاهەنگسازە مەزنەکانی رۆژهەڵات، واتە وڵاتەکانی خۆیان بژەنن.».

لە ئاهەنگی کرانەوەی فێستیڤاڵدا ئاینوور دۆغان گۆرانیبێژی بەناوبانگی کورد هاورێیەتی ئۆرکێسترای کرد. بە وتەی میشائیل دراییێر چەند کۆپلەیەك لە گۆرانییەکانی ئەو گۆرانیبێژە خۆشەویستە سەرلە نوێ دارێژراوەتەوە و دەوترێتەوە. جێگەی سەرنجە کە سەرپەرشتیاریی ئۆرکێستراکە لە ئەستۆی ناجی ئوزگوچ لە وڵاتی تورکیە بووە کە ئەویش لە وڵاتی خۆیدا وەکوو سەرپەرشتیاری ئۆرکێسترا ناسراوە و ناوبانگی هەیە. لە روانگەی سەرپەرەشتی فێستیڤاڵەکەوە هاوکاریی هونەرمەندانی تورك و کورد لە خۆیدا جێگەی خۆشحاڵییە و دەرخەری رۆڵی ئەو فێستیڤاڵەیە لە نزیك خستنەوەی ژەنیارانی وڵاتە جیاوازەکانە لە یەکدی.

## نواندنی شەبەنگە رەنگاورەنگەکان

فێستیڤاڵی مۆسیقای شەرقی لە ئووسنابروك خۆی بە فێستیڤاڵێکی تایبەت بە مۆسیقای جیهانی نازانێت و بەردەوام هەوڵ دەدات کە شەبەنگە جوراوجۆر و رەنگاورەنگەکانی مۆسیقای رۆژهەڵات بنوێنێت.

میشائیل دراییێر لەوبارەوە دەڵێت: «من هەردەم هەوڵ دەدەم پرۆگرامێك رێکبخەم کە هەموو شێوازەکانی مۆسیقا لە نەریتییەوە هەتا راك، هیپ هاپ و جاز لەخۆ بگرێت، بۆ ئەوەی نیشان بدەم ئەو شێوازانە لە رۆژهەڵاتیشدا بوونیان هەیە و ئۆگرانی خۆیان هەیە، کە رەنگە زۆرێك لە ئاڵمانییەکان ئەوە نەزانن. لایەنێکی دیکەشی ئەوەیە کە ئەم فێستیڤاڵە لە ئووسنابروك بەڕێوە دەچێت کە شارێکی بچووکە. هەربۆیەش هەوڵ ئەدەم حەزە مۆسیقاییە جیاوازەکان لەخۆ بگرێت.».

دیارە هەموو بڕگەکانی فێستیڤاڵی مۆسیقای شەرقی تایبەت بە مۆسیقای کوردی نەبووە. بۆ نموونە محەممەد رەزا مورتەزەوی، دمەك ژەنی بەناوبانگی ئێرانی لەو هونەرمەندانە بوو کە لە چوارچێوەی فێستیڤاڵدا چووە سەر شانۆ. سەرباری کۆنسێرتە چەشناوچەشنەکان کە لەو فێستیڤاڵەدا بەڕێوە چوون، دوو فیلمیش لەو فێستیڤاڵەدا پیشان دران کە یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ بابەتی سەرەکیی فێستیڤاڵەکە کە ئەویش فیلمی «نیوەی مانگ» بەرهەمی بەهمەنی قوبادیی دەرهێنەری کوردە.

ئەو فیلمە ساڵی ١٣٨٥ی هەتاوی چێ کراوە و خەڵاتی سەدەفی ئاڵتوونیی فێستیڤاڵی فیلمی سەن سێباستییەنی ئێسپانیای بۆخۆی مسۆگەر کردووە. «نیوەی مانگ» چوارەمین فیلمی بەهمەنی قوبادییە و دەرهێنەر لەو فیلمەدا بە تەنیا باس لە کوردەکانی وڵاتێك ناکات، بەڵکوو بەسەرهاتی خەڵکانی هەرێمێکی گەورەتر و یەکپارچە بە ناوی «کوردستان»ی لەپێش چاوە.

فیلمێکی دیکەش کە لە پەراوێزی فێستیڤاڵدا پیشان درا، داکیۆمێنتێکە بە ناوی «گوزەران» بەرهەمی فەرانەك شەفەر، کە لەو فیلمەدا چالاکییەکانی نادری مەشایەخی، سەرپەرشتیاری پێشووی ئۆرکێسترای سەمفۆنیکی تاران و هەروەها هاوکارییە فەرهەنگییەکانی نێوان ئاڵمان وئێران و ژەنیارانی ئەو دوو وڵاتە دەخاتە بەردید.

## سێبەری قەیرانی سووریە بەسەر فێستیڤاڵەکەوە

بەشێکیش لە کوردەکان لە وڵاتی سووریە دەژین. سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵی مۆسیقای رۆژهەڵاتی سەرەڕای ئەو قەیرانەی ئێستا بەسەر سەریەدا زاڵە هەوڵی داوە رێژەیەك لە ژەنیارانی کوردی سوریەش بانگهێشتی ئەو فێستیڤاڵە بکات. سەرپەرشتیاری فێستیڤاڵ جەخت لەوە دەکاتەوە کە بانگهێشت کردنی هونەرمەندانی کوردی سووریە کێشە نییە، کێشە لەوەدایە کە ئەو هونەرمەندانە بتوانن لەو وڵاتە بێنە دەرەوە و لە فێستیڤاڵدا ئامادە بن.

میشائیل دراییێر لە بەرەبەری کرانەوەی فێستیڤاڵدا جەختی لەوەش کردەوە کە: «هەموو باڵوێزخانەکانی رۆژئاوا لە دەمێشق داخراون و ڤیزاش بە هونەرمەندانی سووریە بۆ ئامادەبوون لە وەها پرۆژەگەلێکدا نادەن. بەڵام هەتا دوا ساتەکانیش ناتوانین چاوەڕوان بین هەموو شتێك بەخێروخۆشی تێپەڕێت، هەر لەو پێوەندییەدا ئەگەر گرفتێکیش بێتە پێش، لە بەراورد لەگەڵ ئەو کارەساتەی کە هەنووکە بەسەر خەڵی سووریەدا دێت بابەتێکی گرینگ نییە.»

لەو نێوانەدا کاربەدەستانی فێستیڤاڵ رایانگەیاند کە سەلاح عەموو، عوودژەنی بەناوبانگی سووریە کە بڕیار بوو لە رێکەوتی ٢٦ی ئووت کۆنسێرتەکەی بەڕێوە بچێت، لە وڵاتی ئۆتریش داوای پەنابەریی کردووە و هەربۆیەش ناتوانێت لە فێستیڤاڵدا ئامادە بێت.


محەممەدڕەزا کەلهوڕ

بە سەرنجدان بە ئاڵۆزبوونی دۆخی سیاسی لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەندی، بەڕێوەبەرانی فێستیڤاڵ بە درێژایی رەوتی فێستیڤاڵەکانی خۆیان بوونەتە خاوەنی ئەو ئەزموونە کە لەبەرامبەر ئاڵوگۆڕەکان و گرفتەکاندا هەڵوێستی بەپەلەیان نەبێت.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لەسەر ماڵپەڕی فێستیڤاڵ بڵاو بۆتەوە، سۆهراب پوورنازری، کەمانچەژەنی کوردی ئێران رۆژی ٥ی خەرمانان بەرامبەر بە ٢٦ی ئووت، چووەتە سەر شانۆ و حسێن زەهاویش بە ئامێری دەف هاورێیەتی کردووە.

فێستیڤاڵی مۆسیقای شەرقی رۆژی شەممە ١١ی خەرمانان بە گێڕانی ئاهەنگێکی گەورە کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

سەرچاوە: دۆیچەوێلە

بێ دوان...



# ئافرەت لە ئەدەبی زارەکیی کورد دا

ن: کریستیەن ئالیسۆن

**بەشی دووهەم و کۆتایی**

**ئافرەت و فۆلکلۆر**

لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان، هۆکاری ئەوەی بۆچی ئافرەتێك ناتوانێ سترانبێژ یا چیرۆکبێژ بێ، بە شێوەیەکی بەڵگەمەند و مەنتیقی روون نەکراوەتەوە. هەڵبەت هێندێك لە بوارەکان تایبەت بە یەکێك لەو دوو رەگەزەن. وەك شینگێڕی لە لایەن ئافرەتانەوە(لە کۆڕی پرسەدا) و سترانبێژی لە لایەن زاوا و هەڤاڵانییەوە لە ڕێوڕەسمی زەماوەندەدا. لە کوردستاندا ئەگەرچی گرووپە سوننەتی و موحافیزەکارەکان، بەشداریی ئافرەتان لە کۆڕێکی تێکەڵی ئافرەت و پیاویان بە کارێکی نەشیاو وەسف کردووە و پێیان وایە ئافرەتان دەبێ لەژێر سێبەری پشتیوانیی باوك و برا و ئەگەریش شوویان کردبێ مێردەکەیاندا بن، سەرەڕای ئەوەش ژمارەیەك لە توێژەران باس لەوە دەکەن کە بە درێژایی مێژوو هەموو کات ئافرەتگەلێك هەبوون کە شێعریان هۆنیوەتەوە و سترانیان چڕیوە. کوردناسی بەناوبانگ، توماس بوا (Tomas Bois ١٩٩٥) ئیدیعای کردووە زۆربەی گۆرانیبێژان و مەقام خوێنان ئافرەت بوون و تەنانەت گۆرانییەکانی دڵداری و شەڕ، لە لایەن ئەوانەوە دروست کراوە. ژابا (Jaba) یەکێك لە فۆلکلۆریستە کۆنەکان نووسیویەتی ئەو ژن و کچە قارەمانانەی لە شەڕدا کوژراون، ئاواز و گۆرانیی زۆر ناسك و پڕشۆریان بۆ گوتراوە و بە وتەی رۆمان نووسی بەناوبانگی کورد «محەممەد ئۆزۆن»، کە سەردانی ناوچە کوردنشینەکانی سووریای کردووە، ژمارەیەکی بەرچاو لە ژنانی ئەو ناوچەیە گۆرانیبێژن. هەروەها هێندێك ئافرەتیش هەن کە لە کۆڕ و کۆبوونەوە تێکەڵەکاندا و بە ئامادەبوونی پیاوان گۆرانی ناڵێن بەڵام لە کۆبوونەوەی ئافرەتاندا بێ هیچ کێشەیەك گۆرانی دەڵێن.

منداڵی کورد زۆربەی هەرە زۆری ستران و چیرۆکەکان لە دایك و پوور و دایەگەورەی دەبیستێ و فێریان دەبێ. چونکە ژنان بە شێوەیەکی سوننەتی لە ماڵەوە دەمێننەوە خەریکی کاروباری ناوماڵ دەبن و ئەرکی گەورە کردنی مناڵانیشیان لە ئەستۆیە. ئێستاکەش کاتێك پیاوەکان بۆ خەباتی چەکداری لە کوێستانەکانن، یا کاتێك بەرەو مەنفا دوور دەخرێنەوە یا دەکوژرێن، ئافرەتان نەك رۆڵێکی بەرچاویان لە گواستنەوەی فۆلکلۆردا هەیە، بەڵکوو بە شێوەیەکی زۆر دیار کاریگەرییان لەسەر وشیاریی نەتەوەیی بەرەی نوێ هەیە.

زۆربەی فۆلکلۆریستە کوردەکان، دان بە پەیوەندیی حاشاهەڵنەگری نێوان ئافرەت و فۆلکلۆردا دەنێن. بەو پێیە دەتوانین بەو دەرئەنجامە بگەین کە فۆلکلۆری کورد زیاتر هی ئافرەتانە تا هی پیاوان. ئافرەتان لە ریزی سترانبێژان و بەڕێوەبەران و چاوەدێرانی بەرهەمە مەزنەکاندان، بەرهەمگەلێکی وەك «مەم و زین»، «زەمبیل فرۆش»، بەیتە قارەمانییەکانی وەك «دمدم» و چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی تر و غەزەلە عاشقانەکان. ئەگەرچی هێندێك لە شێوازەکان بە ئاشکرا هی ئافرەتانن بەڵام لە بواری چۆنێتیی پێشکەش کردن، دەربڕین و گواستنەوە و وەرگرتنیان، جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ژن و پیاودا نییە و لەمەڕ ئەوەی ئافرەتانی کورد هەست بکەن ئەو شێوازە فۆلکلۆرییانەی لە لایەن پیاوانەوە خوڵقاون، لایەنی زاڵمانەیان هەیە، یا لەمەڕ ئەوەی ئەو شێوازە جۆراوجۆرانەی یەکێك لەو دوو رەگەزە خوڵقێنەری بوون لەگەڵ یەکدا جیاوازن، هیچ بەڵگەیەکمان بە دەستەوە نییە.

دەبێ قەبووڵی کەین ئەو ئافرەتانەی لە بوارەجۆراوجۆرەکانی فۆلکلۆردا چالاکییان هەبووە، لە بەرامبەر ئەو کارەی ئەنجامیان داوە خۆیان دەرنەخستووە. بە هەرحاڵ لەو شێوازانەدا کە پیاوان لە خوڵقاندنیاندا هیچ رۆڵێکیان نەبووە، ئافرەتان لە دەربڕینی ئاواتەکان و بۆچوونەکانی خۆیان ئازاد بوون و بە کردەکی بۆ پاراستنی ئەو یاسایانەی پەیوەندییان بە فۆلکلۆرەوە هەیە، هەوڵیان داوە.

ژنان لە شینگێڕی کردن بۆ مێردەکەیاندا، زۆر جوان و عاشقانە باسی پیاوەکەیان دەکەن، تەنانەت ئەگەر لە درێژایی ژیانی هاوبەشیاندا قەتیان مێردەکەیان خۆش نەویستبێ. هەروەها ژنان لە ڕێوڕەسمی شینگێڕیدا، بۆ دەربڕینی خەم و تووڕەیی و نارەزایەتیی خۆیان، لە رووداوەکانی دەوروبەریان کەڵك وەردەگرن. بۆ وێنە بەرگری لە مافە کۆمەڵایەتی و یاساییەکانی خۆیان دەکەن و ئەو کەسانەش کە لەو ڕێوڕەسمەدا بەشداری دەکەن بە باشی لەو شتەی بە تەوس و توانج لە لایەن ئافرەتەوە باس دەکرێ تێدەگەن و دەتوانن پەیامە شاراوەکانی وەربگرن. هەڵبەت ئەوە شتێکە کە پیاوەکان پەسندی ناکەن و هەوڵ دەدەن ئەو جۆرە ڕێوڕەسمانە لە فۆلکلۆری کوردیدا نەمێنێ. ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی فۆلکلۆریستەکان لە لێکۆڵینەوەکانیاندا تووشی گەلێك کێشە و گرفت ببن و لە بەدواداچوونی ئەو شێوازانە دڵسارد بنەوە. جگە لە ڕێوڕەسمی شینگێڕی کە لە لایەن ئافرەتانەوە بەڕێوە دەچێ و بەو هۆکارانەی باس کرا دژایەتیی دەکرێ، لایەلایەکانیش کۆمەڵەیەکی جۆراوجۆرن کە لێکۆڵینەوە لەمەڕ ئەوان لە لایەن پیاوانەوە زیاتر پەسند دەکرێ.



**خەیاڵ، پشتیوانی ئافرەت**

چیرۆکە فۆلکلۆرەکان، ئافرەت لە گروپگەلێکی جۆراوجۆر و سەرنجڕاکیشدا دەخەنە بەر چاوی بیسەر. شازادە و سیحرباز و زڕدایکە خراپەکان لەو چیرۆکانەدا بوونەتە کلێشەگەلێك کە کەسایەتیی ئەوان لەسەرووی تایبەتمەندییەکانی تاکەوەیە و لە چیرۆکە جۆراوجۆرەکاندا، زۆر یا کەم هەر ئەو تایبەتمەندییانەیان هەیە. ئەگەر قەرار بێ بۆ دەستەواژەگەلێکی وەك دێوەزمە، ئەجننە و پەری کە لە چیرۆکە فۆلکلۆرە کوردییەکاندا زیاتر باسیان کراوە ناوێك بدۆزینەوە، بێگومان لایەنێکی وەهم و خەیاڵ لەخۆ دەگرێ. ئەگەرچی زۆربەی کوردەکان، ئەوانەیان وەك شتێکی راستەقینە قەبووڵ نییە، بەڵام لە هێندێك ناوچەی کشتوکاڵیی جیهاندا (بۆ وێنە لە بریتانیا)، خەڵکانێك هەن کە بڕوایەکی راستەقینەیان بە بوونەوەرگەلی ئەوپەڕ سروشتی هەیە.

زۆربەی ئەو کەسایەتییانەی لە فۆلکلۆری کوردیدا دەردەکەون، هەر ئەوانەن وا لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی وڵاتانی دراوسێ ـ عەرەب، تورك و فارس ـ و لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکانی ئەورووپاشدا بوونیان هەیە و لەو کەسایەتییە هاوبەشانە بۆ دەربڕینی مەبەستی خۆیان کەڵك وەردەگرن. بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ، ئافرەت لە فۆلکلۆردا و بە تایبەت لە چیرۆکەکاندا رۆڵێکی بنەڕەتیی گێراوە و ئەوەش دەربڕی دووپات بوونەوەی ئەو رووداوانەیە کە بە سەری هاتووە. ئافرەت لە زۆربەی چیرۆکەکاندا، شەڕڤانێکە کە بە جلی پیاوانەوە دەچێتە مەیدانی شەڕ و هەموو شەڕڤانانی تر دەبەزێنێ و سەرئەنجام قارەمانی چیرۆك ـ کە پیاوە ـ بە سەریدا زاڵ دەبێ و لەو کاتەدا ئەو رەگەڵ قارەمان دەکەوێ و لە هێندێك لە چیرۆکەکاندا شووی پێدەکا.

مەکێنزی (O. N. Mackenze) ئەو چیرۆکانەی کۆ کردۆتەوە کە وەها کەسایەتیگەلێکیان تێدایە. ئەو وەك نموونە چیرۆکێکی ناوچەی سلێمانی دێنێتەوە. شا ئیسماعیل وکامبێرتا(؟) بە مەبەستی دۆزینەوەی دەزگیرانەکەی کە کچە شێخێکی عەرەبە وەڕێدەکەوێ. لەسەر رێگایدا دەزگیرانێکی تر دەگرێ کە کچی ئیسلام شا(شای پەریان) یە. شا ئیسماعیل بە ناوچەیەکدا تێدەپەڕێ کە لە لایەن «ڕەشەسوار»ەوە قۆرغ کراوە و بارودۆخێکی پڕ لە ترس و تۆقاندن بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بووە. کاتێك قارەمان دەگاتە ناوچەکە، کۆمەڵێك سەر و لەش دەبینێ کە بەقەد بەرزایی منارەیەك بەسەر یەکدا کەوتوون. ئەو پەنا دەباتە بەر ئەشکەوتێك. کاتێك «رەشەسوار» دەگاتە ئەشکەوتەکە، زۆر لەسەر ئەوە پێدادەگرێ کە ئەو دەبێ لە کۆشکەکەی ببێتە میوانی و سبەی بەیانی لەگەڵ یەکدا بەشەڕ بێن. درێژەی چیرۆکەکە بەم شێوەیەیە: «بەیانیی رۆژی دواتر پاش ئەوەی لە خەو هەستان، چوونە ناو گۆڕەپانەکە و بە بەر چاوی هەموانەوە، پەلاماری یەکتریاندا. رەشەسوار وتی: «ئەی لاوە جوانچاکەکە، من بە تەما نیم بە تێغ و شەمشێر شەڕت لەگەڵ بکەم. حەز دەکەم لەگەڵ یەکتردا زۆران بگرین. ئەگەر من پشتی تۆم لە زەوی دا ناتکوژم و دەتکەمە کۆیلەی خۆم. ئەگەریش تۆ منت دا بە زەویدا، ئەوەی دەتهەوێ بیکە». شا ئیسماعیل وڵامی داوە: «قسەکانی تۆ هیچ بایەخێکیان لای من نییە. ئەگەر تۆ بەسەر مندا زاڵ بووی، سەرم لە لەشم جیا کەوە و ئەگەر من بەسەر تۆدا زاڵ بووم، وەك سەگێك سەرت لە لەشت جیا دەکەمەوە.» ئەوان حەوت شەو و رۆژ لەگەڵ یەکتر زۆرانبازییان کرد. پیاوە لاوەکە زۆر لەبەر خوا پارایەوە. ئەو لە کاتێکدا کە زۆر بە توندی رەشەسواری گرتبوو وتی: «ئەی خدری نەمر، بەزینی ئەو ویست و ئارەزووی تۆشە، کەوایە یارمەتیم بدە.» پاشان ئەوی خستە سەر لاشان و وەك چۆلەکەیەك گرتی و دای بە زەویدا. پاشان بە شەمشێر هێرشی کردە سەری بۆ ئەوەی سەری لە لەشی جیا کاتەوە. لەم کاتەدا رەشەسوار بەرۆکی خۆی دادڕی و مەمکەکانی وەدیار خست. پیاوەکە بە دیتنی ئەو دیمەنە هاتەوە سەر خۆ. رەشەسوار وتی: «سینگی من داپۆشە. لە بەهەشت و زەویدا چارەنووسی من وەها بووە کە شووت پێ بکەم. من لەگەڵ خوای خۆم پەیمانم بەستبوو تەنیا شوو بە کەسێك بکەم کە بتوانێ لە وەها شەڕێکدا بەسەرمدا زاڵ بێ.» ئەوان پێکەوە بەرەو کۆشکەکەی رەشەسوار وەڕێ کەوتن. کاتێك رەشەسوار جلەکانی گۆڕی، شائیسماعیل ئەوی زۆر جوانتر لە پێشوو هاتە بەر چاو. پاش ئەم رووداوە «رەشەسوار» رەگەڵ هێزەکانی مێردەکەی کەوت و شان بە شانی ئەوان لە شەڕگەکاندا شەڕی دەکرد. بە هۆی ئەوەی کە ئەو کچی شای پەریانە، هێزێکی سێحراوی و شارەزاییەکی بێ وێنەی هەیە. لە دیمەنێکدا کە ئافرەت بوونی رەشەسوار ئاشکرا دەبێ، وا دێتەر بەرچاو کە ئەم رێکەوتە لە کاتی شەڕەکەدا بە ئانقەست روو دەدا. هێندێك نموونەی تریش لە دەستدان کە ئەو بۆ ناسینی نەیارانی، بە سیحر تاقییان دەکاتەوە.

ئەگەرچی لەم سەردەمە دا هێندێك لە گروپە پێشڕەوە کوردەکان، شەڕڤانی ئافرەتیشیان هێناوەتە ناو ریزی خەباتکارانیان، بەڵام قارەمانەتیی شەڕڤانانی ئافرەت، لە مێژووی کوردستاندا شتێکی ئاوارتەیە. سەرباقی ئەوەی چ لە چیرۆکە فۆلکلۆریکەکاندا و چ لە شەڕە هاوچەخەکاندا، شەڕڤانی ئافرەت زیاتر سەرنجڕاکێشە.

لە سەرەتای نەوەدەکان، لە چەند شارێکی وەك دهۆك و هەولێر، وێنەی ئەو ئافرەتانەی جلی پێشمەرگەیان لەبەردا بوو زۆر دەهاتە بەر چاو. ئەگەرچی زۆربەی ئەو ئافرەتانە هی ناوچەکانی تر بوون، بەلام ئافرەتانی ئەو ناوچانەش لە کاتی ڕێوڕەسمە تایبەتەکاندا جلی پێشمەرگەیان دەکردە بەر.

شەڕڤانانی ئافرەت لە پارتە کوردییەکانی عێراقدا زۆر نەبوون و خەباتی ئافرەتان لەم وڵاتەدا زۆر بەربڵاو نەبووە. لەناو ئەو ئافرەتە دەگمەنانە، ناوی «مارگریتا» ئێستاش هەر لە یادی خەڵکدا ماوە. بارودۆخ و هەلومەرجی ناوچە کوردنشینەکانی ئێران و تورکیا جیاوازە. ئەگەرچی ئافرەتان لەو ناوچانە چالاکترن بەڵام ئەم دیاردەیە لە رووداوە دەگمەنەکانی سەدەی بیستەمە. خاڵی سەرنجڕاکێش ئەوەیە کە لە چیرۆکە فۆلکلۆرییەکاندا، ئافرەت هەموو کات هاوڕێی بوونەوەرگەلێکی خەیاڵیی وەك دێوەزمە و سیحربازەکان بووە نەك شتە راستەقینەکان. لە چیرۆکی فۆلکلۆری کوردیدا، زۆربەی کات لە کۆتایی چیرۆکەکەدا، ئافرەت دەبێتە ملکەچی پیاوێك. بەڵام ئایا ئافرەتان بە راستی دەسەڵات و زاڵ بوونی پیاوانیان قەبووڵ کردووە؟ هیچ بەڵگەیەکمان بۆ سەلماندن یا رەت کردنەوەی ئەم شتە لە بەر دەستدا نییە.

**و لە ئینگلیسییەوە بۆ فارسی: فەریدە فەتاحی قازی**
**و لە فارسییەوە بۆ کوردی: کامیل نەجاڕی**

# شکانی باسکەکانی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکان



■ پەرویز جەباری
■ وەرگێڕان: هانە

قووڵایی ئیستراتیژی یان بەرژەوەندیی ئایدۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی لەسەر بنەمای پێناسە و گوتاری ڕێژیمی ئایینی لە سنوورەکانی ئێران تاکوو ئەو شوێنەیە کە موسڵمانی لێیە داڕێژراوە. بەڵام موسڵمانانێك کە شیعەی دوانزە ئیمامی بن و باوەڕیان بە «ویلایەتی فەقیە» لە جۆری ڕەهاکەی بێت. واتە باوەڕی کردەیی و تیئۆریکیان هەبێت و لە چوارچێوەی ئەندێشەی شیعەگەری سیاسیدا بن.

هەڵبەت ئەمە توخمی گوتارێك نیە کە کۆماری ئیسلامی بۆ دەستەبەرکردنی یەکیەتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، سوودی لێ وەردەگرێت. بوونی کۆمەڵێك هێز و لایەن دەرخەری پانتایی کاریگەری و قووڵایی ئێستراتیژی سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمەیە. گەرچی لە رووی ئەندێشە، باوەڕمەندیی ئایینی، پلە باوەڕمەندییەکان و ئاخێزگە مەزهەبییەکان ناکۆکی و جیاوازی لە گۆڕیدایە. بەڵام بە هۆی بوونی تایبەتمەندیی ئایدولۆژی بەریانی بۆ لای یەکسانی لە باوەڕدا بە دی دەکرێت. هەروەها لە ناخی باوەڕی خۆیان پاساو بۆ گەیشتن بە دەسەڵات بە هەر ئامرازێك دەهێننەوە.

ئیسلام خاڵی ڕێککەوتن و یەکیەتی ئایدۆلۆژیکییە بۆ هاریکاری و لێك نزیکبوونەوە. بیاڤی نزیکان و هاوکارانی کۆماری ئیسلامی زیاتر لەسەر بنەمای لایەنی «مەزهەبییە».

١. شیعەگەری (گرووپە جیاوازەکان) بەتایبەتمەندی سیاسی ـ مەزهەبی

٢. ئیسلامی سیاسی (مۆدێلی کۆماری ئیسلامی)

٣. دژایەتی و دوژمنایەتی لەگەڵ ئیسراییل و ئاشتی لە ناوچەکە.

٤. روانگەی فانتازیانە لە دژایەتیکردن لەگەڵ ئەمریکا و ئێمپریالیزم

٥. شوینیزمی ئێتنیکی و مەزهەبی و هزری

ڕێژیمی دەسەڵاتدار بە سەر ئێراندا لە ماوەی ئەو ساڵانەدا هەوڵی داوە بە تێچوویەکی زۆر و پڕوپاگەندەیەکی بەرفراوان لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا، هێزە مەزهەبی و سیاسییەکانی جیهانی ئیسلام و عەرەب خۆی بە ئاڵاهەڵگری ئەم گوتارە بناسێنێ. بە پێداگری لە سەر ناونانی «الام القرای»، ناوەندی ویلایەتی فەقیە بەردەوام هەوڵی داوە کە زۆرینەی موسڵمانانی سوننە بۆ لای خۆی ڕاکێشێت. سیستمی ئایینی لە ئێران بۆ بەهێزکردنی گوتاری ئایدۆلۆژی بەردەوام هەوڵ دەدا بە کەڵکوەرگرتنی دوور لە ڕاستی لە ڕووداوە مێژووەکانی مێژووی ئیسلام جۆرێك هاوشێوەیی دیرۆکی ببەخشێ بە کارکرد و ڕسالەتی. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەم ڕاستایەدا، زۆر هەوڵی داوە جۆرێك نزیکی مێژوویی، هزری، باوەڕمەندی لەگەڵ ئەندێشەی ویلایەتی شیعە بە درێژایی مێژووی ئەم مەزهەبە بێنێتە ئاراوە. هەر لەم ڕاستایە سیستمەکانی حاکم بە سەر وڵاتە ئیسلامی و عەرەبییەکان بە تاغووت و ناڕەوا لە قەڵەم دەدا و بە پێداگری لەسەر دەرکردنی ئەندێشە و ئارمانەکانی کۆماری ئیسلامی هەوڵی داوە گوتاری خۆی بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بکات.

هەر بۆیە لەو بڕوایەدایە کە خاوەنی قووڵایی بەرژەوەندی ئێستراتێژیکە و تەقەلا دەکات بیپارێزێت. ئەم ڕێژیمە هەوڵ دەدات کە لەم بیاڤە و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەست و پەنجە لەگەڵ دوژمنانی نەرم بکات. واتە بە جۆرێك دەکرێت بڵێین: شوێنی بۆشایی و بەستێنی خۆدەرخستن بۆ کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتداریدا هەر ئەم وڵاتانەیە کە بە جۆرێك لەگەڵ لایەنەکان و حیزبە ئیسلامییەکان یان حکوومەتەکان، هاوکاری نزیك ئاوێتە بە لایەنی سیاسی و تەناهی لە نێوانیان لە ئارادایە.

بۆ تاوتوێکردنی ئەم بابەتە و هەڵسەنگاندنی سەرئەنجامی ئەم ناوچەی ژێر دەسەڵاتە پێویستە ئاوڕێکی کورت لە گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییانەی ناوچە و بەگشتی ڕۆژهەڵاتی ناڤینی عەرەبی بدەینەوە.

بە دەستپێکردنی گۆڕانکارییەکان و ئاڵوگۆڕەکان لە وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، کۆماری ئیسلامی تووشی جۆرێك لە سیاسەتی «بانێك و دوو هەوا» بووە. واتە بە جۆرێك لە پشتیوانی لە ناڕەزایەتییە خەڵکییەکان دژ بە دیکتاتۆرەکان تووشی جۆرێك سەرلێشێواوی و سیاسەتی دوو فاقانە بووە. گەرچی هەوڵی دا ئەم ناڕەزایەتییانە بە ڕوانگەیەکی ئیسلامی شرۆڤە بکات و ڕیشەی بۆ شۆڕشی ئیسلامی لە ئێراندا بگەڕێنێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەوڵی دا کە لەمەڕ خواستەکانی خەڵکی لە وڵاتە جۆراوجۆرەکان سیاسەتی «گزینشی» بگرێتە بەر.

بە هێنانەئارای دەستەواژەی « ڕابوونی ئیسلامی» و تەرخانکردنی پارەیەکی زۆر یۆ بەستنی کۆمەڵێك سمینار لە لایەن تاران و پروپاگەندەی بەرین، پتر لە هەر کاتێکی دیکە کەلێنی نێوان خۆیان و ئیسلامگەرایانی سیاسیی سوننە (بە دەر لە ئەلقاعیدەییەکان) زیاتر بوو. لەم بڕگەیەدا، ڕەگی خواست و داواکارییەکانی خەڵکی لە وڵاتانی ئیسلامی و عەرەبی لە یەکسانیخوازی، پێشکەوتن، پەرەی سیاسی، خۆشگوزەرانی، دژایەتی لەگەڵ گەندەڵی حکوومی لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری بوو.

ناڕەزایەتییەکان تەنیا ئایینی و ئارمانگەرایانەی ئیسلامی نەبوو، گەرچی بەشێك لەو هێزانە لە ناڕەزایەتییە گشتییەکان، ئیسلامییەکان بوون. خەڵك و هێزە سیاسییەکان لە گۆڕەپانی خەباتی سیاسی لە وڵاتانی ڕاپەڕیوی بەهاری عەرەبی لەو ماوەیەدا مەیلیان بۆ دامەزراندنی ڕێژیمێکی سیاسی دینی لە جۆری کۆماری ئیسلامی نەبوو. ئەوە ڕێژیمی سیاسی ئایینی ئێرانە کە بە تەواوی هێزەوە دەیهەوێت شۆڕشەکان بە ڕەنگدانەوەی خۆی بناسێنێت و سیستمی جێی خواستی خۆی تێدا دابمەزرێنێت. واتە سنووری بیاڤی دەسەڵات و شوێندانەری خۆی لە سووریە، لوبنان، عێراق و غەزە بۆ وڵاتانی ڕاپەڕیو ببات. کۆماری ئیسلامی نەك هەر لەم بوارەدا دەستکەوتی نەبووە، بەڵکوو بە هۆی سیاسەتی تاکلایەنە و پشتیوانیی تەواو لە بەشار ئەسەد لە سەرکوتی خەڵکی سووریە بەشێکی مەزن لە پێگە و جێگەی پڕوپاگەندەیی و خەڵکگەرایانەی خۆی لە ناو هێزە ئیسلامگەراکان و بەگشتی لە ناو عەرەبدا لە دەست داوە. ئەم ڕێژیمە پتر لە هەر کاتێکی دیکە ڕەوایی و پێگەی لە ناو گەلانی وڵاتانی ئیسلامی لە دەست داوە. هەر وەك چۆن لە نێوخۆشی لە پانتایی بەرفراوان لە هەموو ڕووەکانەوە پشتیوانیی خەڵکی لەدەست داوە.

دەکرێ بڵێین ئاستی پشتیوانیی نێوخۆیی و دەرەکی لەم ڕێژیمە بەردەوام لە دابەزیندایە. بەڵام قسە لەسەر ئەوەیە کە ئایا ڕێژیمێك کە پشتیوانیی نێوخۆیی خەڵکی لەگەڵدا نیە و کەلێنی نێوان خۆی و خەڵکی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرینتر دەبێتەوە، بە چ شێوەیەك دەتوانێت کەڵك لە پشتیوانی خەڵکی و بیاڤی ژێر دەسەڵاتی لە ناوچەدا بگرێت. ئایا بەگشتی نوێنگە و بەرنامەی ئەم ڕێژیمە کە لە نێوخۆ و لە لایەن خەڵکەوە ڕەد کراوەتەوە شیاوی پشتیوانییە؟ ئەم سیستمە کە لە نێوخۆ ڕەوایی و پێگەی خۆی لە دەست داوە بە چ شێوەیەك و بە چ ئامرازگەلێك، بەرنامەکانی ئیستراتیژی نەیارانی چ لە نێو هێزە نێوخۆییەکان و چ لە نێو هێزە دەرەکییەکان قووڵایی شوێندانەری ئیستراتیژیکی خۆی لە ناوچەکە لە دەست دەدات. تاکوو ئەو شوێنەی کە بارگەوبنەی ئەم ڕێژیمە ئایینییە لە ئێران کۆ بکرێتەوە.

بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆکە بەو باوەڕە گەیشتووە یان گەیاندوویانە، گەرچی بە هۆی نێوەرۆکی سیستمەکەی ئەو قبووڵ ناکات قووڵایی ئیستراتیژی کۆماری ئیسلامی کاتێك دەیتوانی لە دەرەوەی سنوورەکان بەردەوام و شوێندانەر بێت کە وەك مۆدێلێکی سەرکەوتوو لە نێوخۆدا پێگەی جەماوەری هەبایە. بەڵام هەمووان دەزانین کە ڕاستییەکان شتێکی دیکەیە. ڕێژیمی ئیسلامی «ویلایەتی فەقیە» لە ئێراندا لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتداریی خۆیدا بە هۆی سیاسەتە نادێموکراتیکەکانی کە جگە لە دیکتاتۆری و پاشاگەردانی بەرهەمێکی دیکەی بۆ ئێران نەبووە، لە ڕووی پیشاندانی نموونەیەکی گونجاو لە نێوخۆدا سەرکەوتوو نەبووە و لەم ڕووەوە دەرئەنجامێك جگە لە شکستی نابێت. لە هەر کاتێك زیاتر تەریککەوتووتر و پەراوێزخراوتر و گوتاری سیاسی و ئایینییەکەی بێ وەڵامترە. لە بەرانبەر هەموو نموونە سیاسییە ئایینییەکانی دیکە لە پەراوێزدایە و بە وتەی خۆیان (لەپێوەندی لەگەڵ کۆمونیزم و نامەی خومەینی بۆ گۆرباچۆف) هەنووکە پێویستە ئەم بابەتە لە بارەی خۆیانەوە تاوتوێ و بەراورد بکرێت.

کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ زۆر لاواز و بێ پلانە. هەر وەك لە دەرەوە لە بەرزترین ئاستی هەڕەشە، تەریککەوتنەوە و گوشاردایە. ئەمە لە ڕاستیدا ڕەنگدانەوەی کارکردی سیاسەتەکانی ڕێژیمە کە لە ماوەی دەسەڵاتی خۆیدا لە نێوخۆ و دەرەوە لە هەڵسوکەوت لە تەك نەیارانی نێوخۆیی و دەرەکی کەڵکی لە زمان و هەڵسوکەوتی ئاوێتە بە هەڕەشە و تیرۆر و سەرکوت، شەڕ، بەندیخانە و شکەنجە و ئێعدام وەرگرتووە.

ئەم مێتۆدە پەلاماردەرانە و توندوتیژانە لە نێوخۆ و دەرەوە بەردەوام بە جۆرێك بووە کە تەناهی جیهانی خستووەتە مەترسییەوە و لە هەموو هێڵە سوورەکانی دامەزراوەکانی مافی مرۆڤ و یاسا مرۆییەکان تێپەڕیوە. تا ئەو شوێنەی کە لە ئەدەبیاتی سیاسی و دیپلۆماسی جیهانی بۆ ئەم ڕێژیمە کەڵك لە دەستەواژەگەلی وەك «هاڤی نێونەتەوەیی»، «میحوەری شەرارەت»، «پشتیوانی تیرۆریزمی دەوڵەتی»، «تیرۆریزمی نێودەوڵەتی»، «ڕێژیمی دژە جولەکە» و ... وەردەگرێت. لەسەر ئەم بناغەیەیە کە کۆماری ئیسلامی لە تەنیشت درووشمی هەڕەشەی ناوکی، تەناهی جیهانی و گشت بابەتەکانی دیکەی گوتار، کێشەیەکی جیددیە بۆ ڕۆژئاوا. کۆماری ئیسلامی بە هەموو تایبەتمەندییەکانی و لە ڕووی گوتار، پڕوپاگەندە، لایەنی سەربازی و سیاسی، وەك گرینگترین و سەرەکیترین هەڕەشە و مەترسییە بۆ سەر تەناهی جیهانی. گوتارەکانی وەك چاوەڕوانی بۆ دەرکەوتنی ئیمامی زەمان، بانگەشەی بەڕێوەبەریی جیهان و ... بۆ هەموو دونیا گەیشتووەتە خاڵی کۆتایی خۆی.

بەڵام شتێك کە لەم بارودۆخەدا تایبەتییەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین و ناوچەکە بیچمی گرتووە، دەتوانێ ئیستراتیژی

کۆنترۆڵی تەواو و لابردنی کۆتایی کۆماری ئیسلامی لە ئێرانی لێ بکەوێتەوە. نارەزایەتی لەڕادەبەدەر لە نێوخۆ و سەرنەکەوتوویی لە گرتین بەخشین بە گوتاری ئیسلامگەرایی سیاسی (لە شێوازی کۆماری ئیسلامی) لە لایەن ئەم ڕێژیمەوە بووەتە هۆی ئەوەی کە هێزە شوێندانەرەکان و کاراکتەرە سەرەکییەکان لە سیستمی نێونەتەوەییدا بگەنە ڕێککەوتنێکی نەنووسراو لە بڕیارنامەکانی شوورای تەناهی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پێشبردنی ئیستراتیژییەکەیان. بارودۆخ لە ناوچەکە و کەڵەکەبوونی قەیران لە ماوەی چەندین ساڵ لە کۆماری ئیسلامیدا بووەتە هۆی ئەوە، کە کۆماری ئیسلامی لە گۆڕەپانی مانۆڕ، ناوچە بۆشاییەکانی جێی چالاکی، باسکە هەڕەشەکان، ناوەندەکانی پڕوپاگەندەیی، شوێنگەی سێهەم بۆ کوشتار، بەستێنی نارەزایەتی و دەستێوەردان لە دەرەوەی سنوورەکان بێبەش بکات. لە تەنیشت دەنگدانەوەی دابەزینی گوتاری ئیسلامی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە بەرانبەر ئارمانەکانی خەڵك لە ناوچەکە بۆ گۆڕین لەسەر بنەمای گوتارەکانی دیکە (ئیسلام یان سیکۆلار) لە سووریە، چارەنووسێکی تاڵ و داهاتوویەکی زۆر تاریك و لەرزۆك بۆ ڕێژیمی حاکم بە سەر ئێراندا پێشبینی دەکرێت. سووریە بە هۆی نزیکی ئیستراتیژی، سیاسی، ئەمنییەتی و ئایدئۆلۆژیك گرینگییەکی تایبەتی بۆ کۆماری ئیسلامی بە تایبەتی لە رووی هەڵکەوتە، هێز، بالانسی سیاسی لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەکی، دەستێوەردان و بردنەپێشی ئامانجە جۆراوجۆرەکان هەیە.

بوونی لە لوبنان لە ئاستێکی بەریندا لە ڕێگای سووریەوەیە. پێوەندیی فرەلایەنە لە گەڵ حیزبوڵڵای لوبنان لە ڕێگای سووریە نەلواو دەبێت.

دەستێوەردان و سەرپێچی لە ئاشتی نێوان عەرەب و ئیسرائیل لە ڕێگای پشتیوانی لە حەماس، جیهادی ئیسلامی و هەموو هێزەکانی داکۆکیکاری فەلەستین لە ڕێگای هاوکاری و نزیکبوونەوە لە گەڵ سووریەدا دێتە ئاراوە.

کایەی سیاسی و بەڕێوەبردنی تێرۆر و بشێوی لە لوبنان و کەڵکوەرگرتنی تەواو لە شیعەکانی لوبنان هەر لەم راستایەدایە. بەرگری و پشتیوانی بێ سنوور لە سووریە وەك بەرەی پێشەنگ و مەتەرێزی ڕووبەڕووبوونەوە لە گەڵ ئیسرائیل و دەنگدانەوەی ئەم پشتیوانییە لە خولقاندنەوەی درووشمە نێوخۆییەکان تەنیا بۆ ململانێ نێوخۆییەکان و فریودانی خەڵکی و بەلاڕێدابردنی فکری خەڵك لە نێوخۆدا و زۆر بابەتی دیکە تەنیا بە هاوپەیمانی و نزیکبوونەوە لە گەڵ سووریەدا دێتە دی. لە بنەڕەتدا دەتوانین بەم جۆرە باسی بکەین کە سووریە بۆ کۆماری ئیسلامی لە هەموو بوارەکاندا هاوپەیمانێکی ئیستراتیژییە. لە ڕووخانی ئەم ڕێژیمە و لە دەستدانی، ئێران زۆریەك لە کارتەکانی یاریکردن لە گەڵ هێزەکانی دیکە لە دەست دەدات.

هەر بۆیە کۆماری ئیسلامی بە گوێرەی ئەزموونی خۆی لە ماوەی ئەو چەندین ساڵە لە ئەفغانستان و عێراق، هەوڵ دەدات تاکوو لەم بوارەدا جگە لە خۆی، ئەم جارە لە سووریە و هەر وەها لە لوبنان، لە گەڵ ئەمریکا و هەموو رکەبەرەکان و دژبەرانی دەست و پەنجە نەرم بکات. چوونکە دەزانێت لەدەستچوونی سووریە و دواتر لوبنان و هەموو هێز و لایەنەکانی سەر بە ئێران بەگشتی بە واتای شکانی باسکەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانە و دواتر گیرۆدەبوون بە کێشە نێوخۆییەکانە کە نارەزایەتیی بەرینی خەڵکی لێ دەکەوێتەوە. بێگومان ئەو لایەنانەی کە کۆماری ئیسلامی وەك دوژمن لە قەڵەمیان دەدات و لە ئەدەبیاتی رەسمی و زمانی دیپلۆماتیك بەردەوام دەیڵێتەوە بە باشی ئاگادارن. بێشك لەم بارودۆخەدا توانا و هێز و رۆڵی حکوومەتی ئایینی لە ئێراندا لە ناوچەکە هەڵسەنگێندراوە. ئەوان بە هۆی سیاسەتی ناوچەیی و پەیجۆری بەرژەوەندییەکانیان و هاوپەیمانەکانیان لە هەموو پێوەندییەکانیان و هاوکارییەکانیان، شارەزاییان لە پلانەکانی ئەم ڕێژیمە لە ناوچەکەدا هەیە، یان زانیارییان بەدەست هێناوە. بێگومان لەو ئامانجە درێژماوە یان پلانەکانی کۆماری ئیسلامی بە باشی شارەزان. لە بەر ئەوەی کە رۆژئاوا و کارێکتێرەکانی ناوچەیی و هێزە سیاسییەکان و وڵاتان لە ناوچەکە گەیشتوونەتە ئەم ئاستە لە ناسین، کە بە بوونی کۆماری ئیسلامی و ئایدۆلۆژییەکەی بونیاتنانی کۆمەڵگایەکی دێموکراتیك و نوێ نەلواوە. کەواتە بە دوای ڕووخانی سووریە ئەبێ چاوەڕوانی گۆڕانکاری مەزن لە ئێرانیشدا بین. ئەندیشە ئایینییەکان و گرووپە شیعەکان لەگەڵ بوونی دەسەڵاتی ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورە جوغرافیاییەکەیان دەتوانن لە دروستکردنی پێگەی چالاکی بۆ کاری خراپکاری و کوشتوبڕ و کاری تیرۆریستی رۆڵی خۆیان بگێڕن و بە دوای سیستمی جێی خواستی خۆیانەوە بن. لەسەر ئەو بنەمایەی کە لەبەر ئەوەی ئیستراتیژی رۆژئاوا لەسەر ئەم بنەمایە دامەزراوە کە پێش ئەوەی کۆماری ئیسلامی بڕووخێت، یان بە واتایەکی دیکە کاتێك لەم ڕێژیمەی هەڵپێچن کە باسکەکانی لە دەرەوەی سنوورەکان شکێندرابێت یان دەنگی شکانی ببیسترێت. کاتێك بازنەی ئابلۆقەی ئابووری، دیپلۆماسی، سەربازی، سیاسی، ناوچەیی، راگەیاندن و زانیاری، بەرتەسکتر دەبێتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی ماڵەکەی، لایەنگر و پشتیوانی نەمابێت کە هاریکاری بکەن. چوونکە بە نەبوونی هێزگەلی گوێ لە مست و گوێڕایەڵ لە دەرەوەی سنوورەکان، ئۆتوماتیك لە ئاستی کارتێکەری و پشتیوانیی ئایدۆلۆژیك و پڕوپاگەندەییەکەی دادەبەزێت.

بە نەبوونی پشتیوانیی نێوخۆیی و بوونی نارەزایەتیی نێوخۆیی بەستێن بۆ لێدانی دوایین گورز خۆش دەکات. ئەمە هەمان شکاندنی باسکەکانی کۆماری ئیسلامییە کە سیاسەتێکی درێژماوەی ئیستراتیژییە کە لە قۆناغەکانی دواتر یان بوار بۆ گۆڕانکاری بنەڕەتی لە ئێراندا دێتە ئاراوە، یان ڕێژیم بەرەو ئاراستەیەکی لاواز و تەریکخستنەوە دەبەن تاکوو لە تەنیشت هەموو گوشارەکان ئیدی هیچ جۆرە هێزی بەرگری و بەرەنگاربوونەوەیەکی نەمێنێت.

# یادکردنەوە لە قوربانییانی جینایەتێکی سامناک

ناسر ساڵحی ئەسڵ

خەرمانانی ئەمساڵ ٢٤ ساڵ بە سەر جینایەتی وەحشیانەی ئێعدامی بەکۆمەڵی هەزاران زیندانی سیاسیی خۆڕاگر و بەچۆکدانەهاتوو، لە باشترین و ئازاترین رۆڵەکانی گەلانی ئێران بە هۆی بەکرێگیراوانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە زیندانە ترسناکەکانی ڕێژیمدا تێدەپەڕێ.

لە ٢٧ی پووشپەڕی ١٣٦٧ی هەتاویدا، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی تاڵاوی شکستی شەڕی لەگەڵ وڵاتی عێراقی قبووڵ کرد و خومەینی بە نۆشینی جامی ژەهر قبووڵکردنی بڕیارنامەی ٥٩٨ی ڕێکخراوەی نەتەوەیەکگرتووەکانی راگەیاند و دانی بە شکست و راگرتنی شەڕی ٨ ساڵەی لەگەڵ عێراقدا دانا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی پاش کۆتاییهاتنی شەڕی ٨ ساڵە، لە لایەك لەگەڵ قەیرانی رەوایی، قەیرانی هەمەلایەنەی ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی و وێرانی شار و گوندەکان و ئاوارەبوونی میلیۆنان کەس و لە لایەکی دیکەوە لەگەڵ نارەزایەتی و ئێعترازاتی گەلانی وەزاڵەهاتووی ئێران و هەبوونی هەزاران کەس لە رۆڵە ئازادیخوازەکانی گەلانی ئێران کە لە زیندانەکانی ڕێژیمدا، ڕووبەڕوو بوو.

هەر بۆیە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەیانویست لە لایەك بۆ چاوترسێنکردن و بێدەنگ کردنی گەلانی ئێران بۆ ئەوەی کە بیری وەڕێخستنی نارەزایەتی و بەرهەڵستی و راپەڕینی گەلانی ئێران لە دژی ڕێژیم لە مێشکی خۆیاندا دەر بکەن و لە لایەکی دیکەوە ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕ و خەباتکار «حیزبی و ڕێکخراوەکانی گەلانی ئێران» سەرکوت بکا، بە فەرمانی راستەوخۆی خومەینی « هەیئەتی مەرگ» پێك هات.

هەیئەتی مەرگ پێکهاتوو لە سێ کەس : ١ـ قازی شەرع ٢ـ دادستانی شۆڕش ٣ـ نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات، ئەرکی جیاکردنەوەی زیندانییانی سیاسییان کە لە زیندانەکانی تاران و پارێزگاکان بوون و لەسەر هەڵوێستی خۆیان سوور بوون لە ئەستۆ بوو.



هەیئەتی مەرگ لە تاران و پارێزگاکان بە نهێنی دەستیان کرد بە کوشتاری بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکان لە زیندانەکانی ڕێژیمدا و لە ماوەیەکی کورتدا هەزاران زیندانی سیاسییان لە رۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران کە لەسەر هەڵوێستی خۆیان سوور بوون گوللەباران کرد.

پاش ماوەیەك ئەو جینایەتە سامناکە و دژی ئینسانییە بە هۆی لەقاودانی بنەماڵەی زیندانییانی سیاسی و زیندانییانی سیاسی ئازادکراو و بەتایبەت لە لایەن ئایەتوڵڵا مونتەزرییەوە کە بۆ خۆی لە سەرەوە ئاگاداری رووداوەکانی ئەوکات بووە، زانیاری ئەو کۆمەڵکوژییە لە رۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکانی ئێران بە خەڵکی ئێران و بیروڕای گشتی جیهان گەیشت، بەڵام ئێستاش بۆ ئاشکرابوونی زیاتری هەموو لایەنەکانی ئێعدامی بەکۆمەڵی زیندانییانی سیاسی پێویستی بە کاتی زیاتر و لە راستیدا بە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەیە.

ئێستا لە هەلومەرجێکدا یاد و بیرەوەری قوربانییانی ئەو جینایەتە سامناکە دەکەینەوە کە گۆڕستانی «خاوەران» و «گۆرستانە بێناونیشانەکانی پارێزگاکانی ئێران» کە باشترین، ئازاترین، قارەمانترین، شۆڕشگێڕترین و ئازادیخوازترین رۆڵەکانی نەتەوەکانی ئێرانی تێدا ژێر خاك کراون، بوون بە قیبلەگا و زیارەتگای خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران.

هەربۆیە ئەمڕۆ گەلانی ئێران جگە لە ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، هیچ داهاتوو و چارەنووسێکی دیکە بەو ڕێژیمەوە رەوا نابینن و بۆ ئەو ئامانجەش تێدەکۆشن.

## جووت حەوت

هەوراز

محەممەد رەزا نەقدی، فەرمانده‌ی هێزەکانی بەسیج گوتوویە: «بەرێوەچوونی کۆنفرانسی بزووتنەوەی نادەروەستی (عدم تعهد) لە تاران نیشان دەدات کە زانستە مرۆییە رۆژئاواییەکان شکستیان هێناوە و دەبێ لە زانکۆکاندا نەمێنن».

کورد هەمیشە لەم کاتانەدا دەڵێ: «کەر لە کوێ کەوتووە و کونە لە کوێ دراوە؟» بەڵام ئەم کەرە وای لێهاتووە کە خاڵۆ فەرەج گوتەنی: «خوا خراب بکات بۆ خاوەنەکەی کە هەر رۆژە و لە جارێکدا دەیکاتە نێو گەنمەکە و وای دەشێلێ کە بە هەزار داس و کەرەنتوو نەدروێتەوە».

ـ خامنەیی لە دیدارێکدا لەگەڵا کیم یۆنگ نام، نوێنەری کورەی باکوور گوتوویە: «کۆماری ئیسلامیی ئێران و کورەی باکوور دوژمنانی هاوبەشیان زۆرن، چونکە هێزە ئیمپریالیستەکان، کەیفیان بە وڵاتانی سەربەخۆ نایەت». بەم پێیە تەنیا خامنەیی و هاوڕێیانی لە سووریە و کورەی باکوور و تا رادەیەکیش کووبا و ڤێنێزوێلا سەربەخۆن و باقیی وڵاتانی جیهان ناسەربەخۆن،

خامنەیی هەروەها گوتوویە: «کاتی خۆی کە سەرکۆمار بووم سەردانی کورەی باکوورم کرد و زۆر کەیفم بە کەسایەتیی کیم ئیل سوونگ هات».

هەڵبەت خوا هەڵناگرێ کەسایەتیی وەك کیم ئیل سوونگ ئەگەر خۆشەویستی خامنەیی نەبێت، ئاسمان کۆڵەکەی دەوێ، واتە ئەو دوانە هەر بۆ یەکتر باشن، بەڵام جیاوازییەکی بچووك لێرەدا هەیە کە ئەمیان خۆی بە نوێنەری خوا دەزانێت و ئەویان هەر نازانێ خوا چییە؟ ئەگەر ئێوە لەو هاوکێشەیە تێگەیشتن، تکایە ئێمەیش ئاگادار بکەنەوەخێرتان دەگات. رێبەری موسڵمانانی جیهانی حەپەڕووت کەیفی بەو کافرانە دێت. ئەی کە جوانە!!

ـ خامنەیی هەروەها لە دیدارێك لەگەڵ رابرت مۆگابە، دیکتاتوری ناسراو بە «هیتلەری رەش»، ئەو زاتەی بە کەسێکی خاوەن «ورەی شۆڕشگێڕانە» ناوزەد کرد. شایانی باشە مۆگابە تەنیا کەسێك بوو کە دیفاعی لە لێداونەکانی خامنەیی لەو کۆنفرانسەدا کرد.

ئایەتوڵڵا مۆگابەی خۆشەویستی خامنەیی، تاقە دیکتاتۆری رەگەزپەرەستی ئافریقاییە کە بە ناوی دژایەتیی ئیستیعمارەوە، ماوەی ٣٠ ساڵە حکوومەتێکی دیکتاتۆری لە زیمبابووە بەڕێوە دەبات. ئەگەر ئەمانە دۆستی کۆماری ئیسلامی نەبن، پیاو تووشی گومان دەبێت و پێی وایە بە راستی عەلی ئابادیش شارێکە.

حەق وایە بڵێین «دیکتاتۆرە قیزەونەکانی جیهان یەك گرن!» بۆ پێشەوە، هەتا ڕووخانی یەکجاری!!!

کەیهان یووسفی

# دارستانە سووتاوەکان و بەرپرسانێکی نووستوو

دەڵێی خوومان گرتووە هەموو ساڵێك و هاوکات لەگەڵ دەستپێکی وەرزی گەرما، هەواڵی پێوەندیدار بە سووتانی سرووشت و دارستانەکانی کوردستان ببیستین.

کێیە کە نەزانێت هەموو ساڵێك دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان لە لورستان و ئیلامەوە تا کامیاران و پاوە و مەریوان و سنە و بۆکان و سەردەشت لەنێو ئاگردا دەسووتێن و حاشا لە دانان و دارشتنی پلانێك لە لایەن حکوومەتەوە بۆ پێشگیری و ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەم کارەساتە سرووشتییە.

بەڵام شایەتحاڵان، چالاکانی ژینگەپارێز و خەڵکی ناوچە، هۆکاری ئەم ئاگرکەوتنانە بە سرووشتی وێنا ناکەن، بەڵکوو ئەم کارە بە کارێکی ڕێکخراو و مەبەستدار دەزانن و قامکیان بۆ لای کاربەدەستان و دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم رادەکێشن. ڕێژیمێك کە تەنیا شتێك بەلایەوە گرینگ نیە و ئاوڕی لێ ناداتەوە، بەرژەوەندیی نەتەوەییە.

ئاگرتێبەردانی دارستان و لێڕەوارەکانی زنجیرە شاخەکانی زاگرۆس لە ساڵی ١٣٨٩، بەپێی قسەی یەکێك لە ئەندامانی لێژنەی زانستی دامەزراوەی لێکۆڵینەوەکانی دارستان و لێڕەوارەکانی وڵات، زیاتر لە ٣٥ هەزار هێکتار بووە کە ئەم ڕێژەیە بە بەراورد لەگەڵ ڕێژەی نۆرماڵی کە ساڵانە ٥ هەزار هێکتارە، زیاتر لە حەوت قات بووە. سرووشتی جوانی کوردستان لە نێو ئاگردا دەسووتێت و ئەوانەی بۆ رزگارکردنی ئەم سرووشتە دەچنە شەڕی ئاگر و گەرما دیسانەوە خەڵکانی ناوچەن و حاشا لە هەڵمەتێکی بە پەلەی بەرپرسانی حکوومەتی یان دابینکردنی پێداویستییەکان بۆ ئەم مەبەستە. لەم رۆژانەی دواییدا ٦٠ هێکتار لە لەوەڕگەکانی گوندی «دەرەوەران»ی مەریوان، ١١٠ هێکتار لە لەوەڕگە و دارستانەکانی سەلاس و باوەجانی و ٦٠ هێکتار لە دارستانەکانی کامیاران لە نێو ئاگردا سووتان، ئاگرێك کە بە وتەی زۆر کەس دەستوپێوەندییەکانی ڕێژیم دایدەگرسێنن. لە حاڵێکدا کارەساتی ژینگە خەریکە ئێکۆسیستمی زۆربەی ناوچەکانی ئێران لەنێو دەبات، کاربەدەستانی ڕێژیم کەمتەرخەم لە هەموو شتێك سەرمایەکانی ئەو وڵاتەیان بۆ شەڕ لە سووریە دژی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئەم وڵاتە تەرخان دەکەن یان دەیرژێننە گیرفانی ڕێبەرانی حیزبوڵڵای لوبنان و لە قەیراناویترین رەوشی ئابووریی ئێراندا، کۆبوونەوەی ڕێبەرانی وڵاتانی بێلایەن لە تاراندا بەڕێوە دەبەن تاکوو دەیان میلیارد تمەن خەرج بکەن بەڵکوو یاری وەفاداری ئەوان (بەشار ئەسەد) دیسانەوە لە دەسەڵاتدا بمێنێتەوە. گۆلی ورمێ خەریکە لە نێو شەپۆلەکانی خۆیدا دەخنکێ، خەڵکی بەلووچستان و ئیلام لە بێئاویدا لێویان قەڵشاوە، دارستانەکانی کوردستان و زاگرۆس کە زیاتر لە ٦٠ جۆر گیانلەبەر لە خۆ دەگرێت دەسووتێت و سامانی ئەم وڵاتە بەرەو شوێنێکی نادیار دەڕوات.

فائیق سالحی

# تاوانێک بە بیانووی ئایین

پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی هێمایەکە بۆ سەلماندنی بوونی ئۆمێد بە ژیان لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا و ئەمەش راستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ چۆنیەتی هەلومەرجی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و دۆخی ئابووریی تاکەکانی نێو ئەو کۆمەڵگایانەوە و لە هەمووی گرینگتر یاسایەك کە لەو کۆمەڵگایانەدا پەیڕەو دەکرێت. هەر بۆیە لەو کۆمەڵگایانەی کە یاسای وڵات لە سەر بناغە ئەسڵەکانی مرۆڤایەتی راوەستابێ، پێکهێنانی ژیانی هاوبەشیش بە تەواوی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی ئەو پرنسیپە مرۆییانەی کە لێکەوتەی تەندرووستی کۆمەڵایەتین و لەم لاشەوە بە پێچەوانە، لە کۆمەڵگا نەریتی و داواکەوتووەکاندا، بەهایەکی مرۆیی وەك پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دەکەوێتە ژێر کاریگەریی یاسای دواکەوتوو و پشتبەستوو بە ئایین و خورافاتەوە و ئەمەش وا دەکات کە لەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا نەك پێکهێنانی ژیانی هاوبەش ناتوانرێ وەك هێمایەك بۆ زیندوویەتی کۆمەڵایەتی و بوونی ئۆمێد بە ژیان ناودێر بکرێت بەڵکوو، نیشانەیەکە بۆ بوونی پێشێلکردنی مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ و خولقاندنی تاوانێکی گەورە بە بیانووی دین و ئایین و ....هتد.

لە وڵاتانی ئازاد و پێشکەوتووی جیهاندا، بە بێ لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن و تاوتوێکردن دەست لە ئاوێتەی کۆمەڵایەتی نادەن. بەم پێیە ئەگەر پرۆگرامێك یان خود پلانێکی کۆمەڵایەتی لە لایەن دەوڵەتەوە پێشنیار بکرێت، ئەم پێشنیارە دوای تێپەڕاندنی دەیان قۆناغی یاسایی و مەدەنی و بە راپرسی لەگەڵ ئەندامانی کۆمەڵگادا دەبێتە یاسا و دەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە، بە تایبەتی لە بواری پێکهێنانی ژیانی هاوبەشدا، یاسایی بنەماڵە لەو وڵاتانەدا بە رادەیەك بە وردبینییەوە دارێژراوە کە تا ئەو شوێنەی کە مەجالی هەبێت پێش بە بێ سەروسامانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی دەگرێت.

بەڵام بە داخەوە لە کۆمەڵگایەکی پرشوبڵاو و بەڵالێدراوی وەك ئێراندا کە باوەڕی ئاخوندەکان بووەتە گۆپاڵێك لە دەستی پیاوانی بە ناو ئایینی بۆ خولقاندنی تاوان و کردەوەی نامرۆییانە، ژیانی بنەماڵە و پێکهێنانی ژیانی هاوبەش خاوەن گرینگییەکی ئەوتۆ نیە و بە شتێکی پێویست نایەتە ئەژمار. لە وڵاتێك کە ٧٠ لە سەدی دانیشتووانی توێژی لاوانی سەرگەردان و بێ دەرتان، بێکار، بە بێ جێی ژیان و داهاتی رۆژانە پێکی دێنن، چۆن لاوان دەتوانن کەسێکی دیکە بە تێوەگلاندن لە ژیانی پڕ لە نەهامەتی خۆیاندا گیرۆدە بکەن و ببنە خاوەن بنەماڵە و منداڵ. لە نێو ئەم هەموو پرس و باسە گرینگە وەك دواکەوتوویی فەرهەنگی و بارودۆخی نالەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسی لە وڵاتی ئێراندا، ڕێگاپێدان بە پێکهێنانی ژیانی هاوبەشی منداڵان یەکێك لەو دیاردە دزێوانەیە کە هەڵقوڵاوی ئایین و سوننەتە و ئەمەش راستەوخۆ کاریگەری داناوە لە سەر حەشیمەتێکی ١٦ میلیۆن کەسی لە وڵاتی ئێراندا کە بە پێی ئایین و ئەو یاسانەی کە لە ئێراندا پەیڕەو دەکرێن، دەتوانن ژیانی هاوبەش پێك بێنن. بە پێی دوایین ئامارەکان لە کۆی ئەو کەسانەی تەمەنیان لە نێوان ١٠ تا ١٩ ساڵدایە (بەگشتیی ١٥/٤ میلیۆن کەس)، ٦/٧ میلیۆن کەس لە نێوان ١٠ تا ١٤ ساڵان و ٧/٨میلیۆن کەس لە نێوان ١٥ تا ١٩ ساڵاندان. لەم حەشیمەتە نزیك بە ٨٩٠ هەزار منداڵی ژێر ١٨ ساڵ ژیانی هاوبەشی زۆرەملێیان بەسەردا داسەپاوە. لە نێوان حەشیمەتی ١٠ تا ١٤ ساڵدا، ٧٨ هەزار کەس لانیکەم جارێك زەماوەندیان کردووە. لە لایەکی دیکەوە ئامارەکان پیشانی دەدەن لە گرووپی تەمەنیی ١٥ تا ١٩ ساڵدا، ٨١٤ هەزار کەس زەماوەندیان کردووە. ئەم نابەسامانی کۆمەڵایەتییە هەمووی دەرەنجام و لێکەوتەی ئەو بارودۆخ و هەلومەرجەیە کە ئێستاکە بە بیانووی ئایین و سوننەت بە سەر کۆمەڵگای ئێراندا داسەپاوە و رۆژ لە دوای رۆژ قوربانی دەگرێت و بەداخەوە جیابوونەوە و تەڵاق پەرە دەستێنێ و بە هەمان پێوەر هەژاری و خراپە گەشە دەستێنێ.

شەهاب خالیدی

# ڕێژیمی ئێران پەرەپێدەری مادە هۆشبەرەکان

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ و ڕێکخراوی نێونەتەوەیی کەمکردنەوەی خەسارەکان رایانگەیاند کە دامەزراوەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەبێ هاوکارییە ماڵییەکانیان لەگەڵ ئێران لە پەیوەندی لەگەڵ خەبات بە دژی مادە هۆشبەرکان رابگرن. بە رای ئەو دوو ڕێکخراوەیە، سیستمی حقووقی و دادوەریی ئێران مافی تۆمەتبارانی مادە هۆشبەرەکان لە بواری دەستپێراگەیشتن بە پارێزەر و دادگاییکردنی دادپەروەرانە پێشڵ دەکات و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی لەسێدارەدانی ژمارەیەکی زۆری تۆمەتباران، کە ئەمەش پێشێلکردنی ئاشکرای مافە ڕەوا و حقووقییەکانی بەندییەکانە. هەر بۆیە ڕێکخراوە پەیوەندیدارەکان، تا ئەو کاتەی کە لە کۆتاییهێنان بە پێشێلکردنی مافی بەندییەکان و هەڵگرتنی حوکمی لەسێدارەدانیان لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە دڵنیا نەبن، نابێ درێژە بە هاوکارییە ماڵییەکانیان لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بدەن.

یاسای خەبات بە دژی مادە هۆشبەرەکان لە ئێران، بۆ راگرتن و هەڵگرتنی ٥ کیلۆگرەم تریاك و ٣٠ گرەم هیرۆئین و مورفین، سزای لەسێدارەدانی دیاری کردووە و تۆمەتباران لە پشت دەرگا داخراوەکان و لە کاتێکدا کە هیچ مافێکی بەرگریکردنی ئازادانەیان لە خۆیان نیە، دادگایی دەکرێن و تەنانەت لە کاتێکدا کە سزای لەسێدارەدانیشیان بە سەردا دەسەپێندرێ، مافی داوای پێداچوونەوە بە سەر حوکمی بەسەرداسەپێندراوەکەشیان پشتگوێ دەخرێ.

ژمارەی ئەو کەسانەی کە لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە بە تۆمەتی ئاڵووێری مادە هۆشبەرەکان لەسێدارە دراون، لەو ساڵانەی دواییدا بەرەو زیادبوون ڕۆیشتووە. بە پێی راپۆرتی ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی لە ساڵی ٢٠٠٩، لە سەدا ٤٣ی لەسێدارەدراوان و لە ساڵی ٢٠١٠ لە سەدا ٦٨ی لەسێدارەدراوان لەسەر ئاڵوێری مادە هۆشبەرەکان بوون.

لە راستیدا هاوکاریی ماڵی لە لایەن «نووسینگەی دژایەتی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان»ەوە، لەگەڵ ڕێژیمێکی وەك ڕێژیمی ئێران کە بۆ خۆی هۆکاریی بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکانە، زەربە لە ئێعتبار و پرێستیژی ئەو ڕێکخراوە جیهانییە دەدات و ئیتر دەبێ ئەوانیش وەك هۆکاری زیادبوونی ژمارەی ئێعدامەکان بژمێردرێن، چونکە تەنیا لە نێوان ساڵەکانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٩، لە لایەن وڵاتانی سەر بە یەکیەتیی ئورووپایەوە نزیك بە ٥ ملیۆن دۆلاری ئامریکایی، هاوکاری لەگەڵ ریکخراوی خەبات بە دژی مادە هۆشبەرەکان لە ئێران کراوە.

هەر بۆیەش راگرتنی ئەو هاوکارییە ماڵییانە لە لایەن ناوەندەکانی پەیوەندیدار بە خەبات بە دژی مادە هۆشبەرەکان، بە تایبەتی لە لایەن «نووسینگەی دژایەتی لەگەڵ مادە هۆشبەرەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان»ەوە، ئەگەر نەتوانێ لەسەر کەمکردنەوەی ژمارەی ئێعدامەکان کاریگەر بێ، لانیکەم دەتوانێ پرێستیژی ئەوان لە بواری ئاستی ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤەوە بباتە سەر و دەتوانێ ئەو هێزە یەکگرتوویە جیهانییەی کە بە دژی ڕێژیمی ئێران پێك هاتووە، لە راستای بەردەوامبوونیان لەسەر زەخت و گوشارهێنان بۆ سەر ڕێژیمی مرۆڤکوژی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەهێزتری بکات، کە ئەمە بێگومان هیوا و خواستی خەڵکی شۆڕشگێری وڵاتەکەمانە.

سەلام ئیسماعیل پوور

# گەلۆ بەشار سووریەش لەگەڵ خۆی دەبات؟

بارودۆخی قەیراناوی و ئاڵۆزی ئەم رۆژانەی سووریە و لاوازبوونی ئۆتۆریتە و سەروەریی دەسەڵاتی ناوەندی بە سەر شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتەدا، هەمووانی لەمەڕ داهاتووی سیاسیی ڕێژیم و تەنانەت بوونی سووریە وەکوو وڵاتێك بە تایبەتمەندییە پێکهاتەیی و سەرزەوینییەکانی پێشووەوە تووشی دڕدۆنگی کردووە.

پەرەسەندنی تێکهەڵچوونەکان لە دیمەشق و دەورووبەریدا و لەدەستچوونی کۆنترۆڵی سوپای بەعسی سووریە بە سەر شار و ناوچە سنوورییەکاندا، زۆربەی رۆڵگێڕە سیاسییە نێوخۆیی، ناوچەیی و ئەو پەڕ ناوچەییەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئەم وڵاتەی هێناوەتە سەر داڕشتنی پلان و ئامادەکاری بۆ قۆناغی گواستنەوە و تێپەڕین بەرەو سووریەی پاش ئەسەد.

رۆژی ٥شەممە ١٦ی ئاگۆست، ئیهوود باراك، وەزیریی بەرگریی ئیسراییل لە وتووێژێکی رادیۆییدا، باسی لە نزیکبوونی رووخانی سووریە و جێگیربوونی بەشار ئەسەد و ژەنەراڵەکانی لە ناوچە کەنارییەکانی دەریای ناوەڕاست کرد کە مەبەست لەم دەڤەرانە، ناوچەی عەلەوی نشینەکانی سووریە بەتایبەتی شاری ئەنتاکیە و بەندەری ئیستراتژیکی تەرتووس بوو.

هاوکات مەلیك عەبدوڵڵا، پاشای ئۆردۆن لە وتووێژ لەگەڵ کەناڵی ئەمریکایی سی.بی.ئێس باسی لە ئەگەری جیاکردنەوەی ئەنتاکیە و تەرتووس هەروەها شوێنی نیشتەجێبوونی زیاتر لە ٢ میلیۆن کەس لە شوێنکەوتووانی ئایینی عەلەوین. ئەنتاکیە و تەرتووس هەروەها شوێنی بنکە سەربازییە هەستیار و ئیستراتژیکەکانی کۆماری ئیسلامی و ڕووسیە و لە ناوەندە گرینگەکانی پشتیوانی لە ڕێژیمی سووریەن.

هەر بۆیە ڕێژیمی سووریە و زیاتر لەوەش، هاوپەیمانە ناوچەییەکانی وەکوو ئێران و ڕووسیە، ئەم دەڤەرانە وەکوو دوایین جێگە پێی خۆیان لە سووریەدا دەبینن. لە شۆڕشی خوێناویی خەڵکی سووریەدا کە لەم چەند حەوتووی رابردوودا دوو شاری مەزنی «دیمەشق» و «حەلەب»یشی کردۆتە ناوەندی تێکهەڵچوونێکی سەربازیی قورس و خوێناوی، تا ئێستا تەرتووس و ئەنتاکیە هیچ جووڵە و بزاوتێکیان لە خۆیان نیشان نەداوە کە دەربڕی ناڕەزایی و پەیوەستبوون بە شۆڕشی خەڵك بێت، ئەم راستییەش نیشان دەدات کە کەلێنە ئایینی و نەتەوەییەکانی حەشاردراو لە ژێر پێستی سووریەی دەسکردی ئیستعماردا، قووڵتر لەوەیە کە سووریەی پاش رووخانی ئەسەد بتوانێ دایان پۆشێت.

لەم نێوانەدا ڕێژیمگەلی وەك ئێران و سووریە کە مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە سەرەوەی هەموو فاکتەرێکی دیکەی وەکوو سەروەریی نەتەوەیی تاکەکەسی و گرووپییەکانی خەڵك دادەنێن، بە گواستنەوەی سووریە لە شۆڕشێکی هێمنانەی ڕیفۆرمیستییەوە بۆ شەڕێکی کۆڵان بە کۆڵانی خوێناوی، نیشانیان داوە کە مانەوەیان لەنێوچوونی خەڵك و وڵاتی سووریە لە روانگەی ئەوانەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەسڵی ئیستراتژیکی پاراستنی تەوەری شەڕخوازانەی «تاران ـ دیمەشق ـ بەقاع» هیچ بایەخێکی نیە.

لێدوانەکانی لیئۆن پانەتا، وەزیری بەرگریی ئەمریکا لەمەڕ هەوڵدانی تاران بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی میلیشیا لە عەلەوییەکانی سووریەش دەتوانێ نیشانەیەك لە پیلانەکانی تاران و دیمەشق بۆ مانەوە لە گۆڕەپانی سیاسیی تەنانەت لە بەشێك لەو وڵاتە و بە قیمەتی لێکهەڵوەشانی وڵات بێت.

ئەو ڕێژیمانەی کە بە درێژایی دەیەکانی رابردوو، هەر جۆرە چالاکییەکی ئازادیخوازانەی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ناوچە بە تایبەتی نەتەوەی کوردیان بە بیانووی هەڕەشەی وەهماویی «پارچە پارچەبوون» شەلاڵی خوێن کرد، ئێستا بۆ خۆیان کەوتوونەتە ئەو بەرەی مێژوو کە بۆ دەربازبوون لە تۆڵە و رقی نەتەوە ستمەلێکراوەکان کەوتوونەتە بیری جیاکردنەوەی بەشێك لە وڵاتەکانیان و درێژەدان بە دەسەڵاتی ستەمکارانەی خۆیان لە قەڵاکانی ترس و تۆقاندا.

رۆژهەڵاتی ناڤینی گەورە بەرەبەرە لە دایك دەبێ، بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونی باوی دوژمنانی گەلی کورد، گۆڕانی جوغرافیای سیاسیی ئەم ناوچە قەیرانلێدراوەش نەك بە دەستی کوردەکان، بەڵکوو بە دەستی هەر ئەوانە دەبێ کە بە درێژایی ئەو هەموو ساڵە لە وڵاتەکانیان زیندانێکی وەهایان دروست کردبوو و کە ئێستا رەوتی مێژوو خۆیان ناچار بە رووخاندن و تێکدانی دەکات.

# ئابوورییەکی نەخۆش و ژیانێکی پڕنەهامەتی



**■ پەیام**

هەر وەك ئاگادارین ئابووری بە پێی یاساورێسای خۆی دەچێتە پێش و وەك زنجیرەیەك لە بچووکترین بەشییەوە تا ئەوپەڕی خۆی کاریگەرییان بەسەر یەکدا هەیە و کاریگەریش لێك وەردەگرن. هەر ئەم هەستیاربوونەی ئابووری وای کردووە کە هەر پلانێك کە دادەڕێژرێت لە هەموو بوارەکاندا هەڵسەنگاندنی راست و دروستی بۆ بکرێت، پاشان بکەوێتە مەیدانی کردەوە و جێبەجێکردنەوە. هەروەها لە هەموو وڵاتانی جیهان لە راوێژکاران و بەرپرسانی بەئەزموون بۆ کەرتی ئابووری کەڵك وەردەگیرێت، هەر بەو پێیەیە کە دەبینین ئابووریی وڵاتانی پێشکەوتوو و گەشەسەندوو بە وێنەی کاتژمێر کار دەکات و هەر کات گرفتێك بکەوێتە ناو ئەم ماشێنە (ئابووری) هەموو لێزانان و هەڵسوڕاوانی ئابووری دەست دەدەنە دەس یەکتر و رێگاچارەیەکی زانستی و بنەڕەتی بۆ دەدۆزنەوە. لەم نێوەدا کۆمەڵێك وڵات هەن کە ئابووری تەنیا وەك چەمکێکی تیۆریکی ناو کتێب و پەڕتووکەکان چاو لێدەکەن و پرۆسەی ئابووریش لەم وڵاتانە هەر بە پێی گۆڕانکارییە رۆژانەکان دەچێتە پێش و دەتوانین پێناسەی ئابووریی کاتی یان ئابووریی رۆژانەیان بۆ ببینینەوە، بە واتایەکی دیکە ئەم ئابوورییانە بۆ کاتگەلێکی کەم ماوە پلاندانانیان بۆ دەکرێت و ئەگەری ئەوە هەیە کە تەنانەت لە ماوەی هەر چەند رۆژ جارێك بەرنامەیەك لەسەر کاغەز بۆ ئابووری دابنرێت و چەند رۆژ یا مانگ دواتر ناخایەنێت کە یا بەرنامەکە وەپشت گوێ دەخرێت یان بە تەواوی وەلا دەنرێ، ئەوە لە حاڵێکدایە کە هەموو بەرنامەیەکی ئابووری ئەشێ خۆی لە یەکێك لەم سێ قۆناغەدا بدۆزێتەوە، بەرنامەی کورتماوە، نێونج ماوە و درێژماوە. ئابوریی ئێرانیش یەکێك لەو ئابوورییانەیە کە کۆمەڵێك کەس بێ بوونی زانست و مێتۆدی پێویست و تەنیا بە پێی هەلومەرجی سیاسی خەریکی بەرێوە بردنین. باسکردن لە ئابووریی ئێران لە هەر بوارێکدا بە چەندین پەڕتووك و کتێب کۆتایی نایەت و ئەگەر هەر لایەنێکی ئەم بەناو ئابورییە بخەینە بەرباس پێویستمان بە کات و ماوەیەکی زۆر هەیە، هەر بۆیە ئێمە بە سەرنجدان بەو رەوتەی کە ئێستا لە ئێراندا لە ژیانی خەڵك هاتۆتە پێش، هەوڵ دەدەین تەنیا بە کورتی چەند هۆکاری سەرەکی پێکهاتنی ئەم قەیرانانەی کە بۆ ئابووری هاتونەتە پێش پێناسە بکەین و لە ئاکامدا چەند نموونە لەو ئامارانەی کە لەم ئابوورییەدا لە ژیانی ئەمڕۆی خەڵك بەدی دەکرێت بۆ روونبوونەوەی باسەکە بخەینە روو.

هۆکارەکانی شڵەژاوی ئابووریی ئێران:

١. تاك بەرهەمی بوونی ئابووریی ئێران: سەرەتاییترین و بنەڕەتیترین هۆکاری نەخۆشی ئابووریی ئێران کە لە پاش بەسەرچوونی قۆناغی دەسەڵاتداریتی قاجارەکان و هاتنەسەرکاری بنەماڵەی پەهلەوی دزەی کردۆتە ناو ئابووریی ئێرانەوە، تاك بەرهەمی بوونە بە پشت بەستن بە بەرهەمی نەوت. هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێدا ئابووری وەك زنجیرەیەکی پێکەوەگرێدراو وایە و کاتێك ئەم زنجیرەیە لێك هەڵدەوەشێت یا گرینگی بە چەند بەشی نادرێت هیچکات نابێ چاوەڕوانی ئەوە بکەین کە بەشێوەیەکی درووست و رێکوپێك کار بکات و بەرەو پێشکەوتن هەنگاو بنێت. کاتێك وڵاتێك بنەما و بونیادی ئابوورییەکەی تەنیا لەسەر یەك بەرهەم دادەڕێژرێت، بە دڵنیایەوە ئەشێ ئەو وڵاتە چاوەڕوانی قەبووڵکردنی ریسك و مەترسی زۆرتر بێت. وڵاتی ئێرانیش پاش دۆزینەوەی نەوت لە ساڵی ١٩٠٨ زایینی لە چاڵەکانی «مسجد سلیمان» بەرە بەرە بەشەکانی تری ئابووری وڵاتی وەلا نا و تەنیا پشتی بەو داهاتە بەست کە لە نەوتەوە دەستی دەکەوت، ئەگەر تا کاتی لەسەر دەسەڵاتبوونی بنەماڵەی پەهلەوی بە کەموکورتی ئاوڕیك لە بوارگەلی تری وەك کشتوکاڵ و پیشەسازی دەدرایەوە، بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی کاری تاك بەرهەمی کردنی ئابووری یەکسەرە کرا و نەوت بوو بە دەماری سەرەکی داهاتی ئابووریی ئێران. ئەگەرچی پاشکەوتی نەوتی کێڵگەکانی ئێران نزیك بە ١٠ لەسەدی نەوت و گازی جیهانە، بەڵام بەم حاڵەشەوە، گۆڕانی نرخی ئەم بەرهەمە لە هەموو کاتێکدا بۆتە هۆی ئەوەی کە پشتبەستنی تەنیا بە نەوت وڵات لەگەڵ مەترسیی دابەزینی نرخی ئەم بەرهەمە بەرەوڕوو بکات کە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی دابەزین و کەمبوونەوەی داهاتی وڵات. سەرەڕای ئەوە ئاوڕنەدانەوە لە کەرتەکانی تری ئابووری وەك پیشەسازی و کشتوکاڵ بۆتە هۆی لەبەینچوونی لەڕادەبەدەری هەر یەك لەم کەرتانە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەگەر ئابووری وەك باڵندەیەك سەیر بکەین، کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی وەك دوو باڵی ئابووری وان کە ئەشێ ئابووری پێیان بفڕێ و گەشە بکات. سەرەڕای ئەوەی کە ئابووریی وڵات تاك بەرهەمییە، تەنانەت لەم بەشەشدا گرفتی زۆر بوونی هەیە، کۆنی کەرەسەکانی هەڵهێنجانی نەوت، پیربوونی چاڵاوەکانی نەوت بە هۆی نۆژەننەکردنەوەیان، نەبوونی سەرمایەی پێویست بۆ بواری بەرهەمێنان بۆتە هۆی ئەوەی کە وڵاتی ئێران ساڵانە نزیك بە ٢٨٠ تا ٣٠٠ هەزار بەرمیل دابەزینی بەرهەمهێنانی نەوت بە خۆیەوە ببینێت و بە پێی ئەوەی کە وڵاتی ئێران ١٠ لەسەدی نەوت و گازیی دنیای هەیە، پێویستی بە ٢٢٠ میلیارد دۆلار سەرمایە هەیە بۆ نۆژەنکردنەوە و دەستێوەردانێکی بنەڕەتی لە کەرتی نەوتدا. هەر ئەم گرفتانە بۆتە هۆی ئەوەی کە هەر گۆڕانکارییەك لە بواری نەوت لە جیهاندا، کارتێکەری راستەوخۆ بکاتە سەر داهاتی ئێران و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ شوێن لەسەر ژیانی خەڵکی ئێران دابنێ کە لە درێژەدا ئاماژەی پێ دەدەین.

٢. بەرنامەگەلی ئابووری نەزۆك و بێئاکام: هەموو وڵاتێك بۆ گەشەسەندن و پەرەپێدانی بواری ئابووری و گەیشتن بە لووتکەی بەرزی خۆشگوزەرانی خەڵك، بەرنامەگەلێك دادەڕێژێ. لە ئێرانیش چ پێش کۆماری ئیسلامی و چ دوای هاتنەسەرکاری ئەم رێژیمە کۆمەڵێك بەرنامە نووسراون کە لێرەدا ئاماژەیەکی کورتیان پێ دەکەین. سەرەتای هاتنەئارای هزرێك بە ناو بەرنامەداڕشتن بۆ ئابووری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٣٢٧. لەم ساڵەوە بوو کە یەکەم بەرنامەی بەناو بەرنامەی تۆکمە و کارناسیکراوی گەشەی ئابووری بۆ ماوەی ٧ ساڵ داڕێژرا. لەسەرەتادا ئەم پلاندانانە زۆر جێگای هیوا و دڵخۆشی خەڵك بوو، چوونکە هەنگاوێك بوو بەرەو پێشکەوتن، بەڵام بە پێی ئەوەی کە سیستمی دەسەڵاتداریی شاهەنشاهی باوەڕی بە ڕاوبۆچونی کەسانی تر جیا لە قسەی خۆیان نەبوو، ئەم بەناو بەرنامە ئابوورییانەی پێشکەوتنی وڵات تەنیا لە چوارچێوەی کۆمەڵێك ژمارە و رەقەمدا مانەوە و بە هۆی ئەوەی کە ئیرادەیەکی پڕاکتیکیان لەپشت نەبوو، زۆر زوو رواڵەتی بوون و نەزۆکییان وەدەرکەوت و بواری ئابووری هەر بەو رێگایەدا دەڕۆیشت کە دەسەڵاتدارانی ئەوکات بۆ خەڵکیان دیاری دەکرد و دەتوانین بە راشکاوی بڵێین کە زۆرجار هەبوو کە پلانگەلێك بەڕێوە دەچوو کە لە هیچ دەقێکی بەرنامەدا بوونی نەبوو و تەنیا بە پێی ویستی دەرباری شاهانە بەڕێوە دەچوون. تا کۆتایی دەسەڵاتی پەهلەوی و شۆڕشی ٥٧، پێنج بەرنامە بە روالەت کەوتنە بواری جێبەجێکردنەوە و بەرنامەی شەشەمیش بە هۆی ئەوەی کە کەوتە نێو رووداوەکانی شۆڕشەوە، هەر لەسەر کاغەز مایەوە. بە هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامیش لە ساڵی ١٣٦٧وە کۆمەڵێك گەڵاڵە داڕێژران کە لەودا بەناو بەرنامەی پێنج ساڵەی پێشکەوتنی کۆماری ئیسلامی پەسەند کران و تا ئەمڕۆ کە لە رواڵەتدا بەرنامەی پێنجەم لەئارادایە، درێژەیان هەیە. هەروەك دەزانین هەموو بەرنامەیەك دەبێ ژیانی خەڵك بۆ باشتربوون رێنوێنی بکات کەچی لە ئێراندا راست بەپێچەوانەیە، بۆ وێنە سەرنج دەدەینە ئەم ئامارانە کە لە لایەن بانکی ناوەندیی ئێرانەوە دەرچوون. بەم پێیە تێچووی ژیانی هەر بنەماڵەیەکی ئێرانی بەنیسبەت داهاتیان لە ساڵی ١٣٨٤ تەنیا ٠/٨٥ لەسەد بووە کەچی ئەم رێژەیە لە ساڵی ١٣٨٩دا گەیشتۆتە ٤/٤٥ لەسەد، بە واتایەکی دیکە تێچووی خالیسی بنەماڵەکان، بە نیسبەت داهاتی خالسیان تا ساڵی ١٣٨٩ نیزیك بە ٤ و نیو لەسەد بەرز بۆتەوە. لەبەشێکی تری ئەم ئامارەدا هەر لەم بارەوە ئاوا هاتووە کە تێچووی ژیانی بنەماڵەیەکی ئێرانی لەساڵی ١٣٨٤ بەرابەر لەگەڵ ٦ میلیۆن و ١٩٥ هەزار تمەن بووە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە ئەم رێژەیە لە ساڵی ١٣٨٩ دەگاتە ١٣ میلیۆن و ٤٥٤ هەزار تمەن، ئەم ئامارانە بەشێکی بچووك لە راستییەکانی بەرنامەکانی پێنج ساڵەی وڵات نیشان دەدات کە تەنانەت کەمترین کارتێکەریشیان بۆ باشتربوونی ژیانی خەڵك بەدواوە نەبووە، بەڵکوو لە بنەمادا کۆمەڵێك کاغەزی رەشکراوەن کە هەر پێنج ساڵ جارێك خەڵکیان پێ سەرگەرم دەکەن.

٣. سیاسەتی ملهوڕی و دژایەتی لەگەڵ دنیای دەرەوە: یەکێك لەو رێگایانەی کە هەر وڵاتێك لە بەرەوپێشچوونی ئابووریدا دەیگرێتە بەر، کەڵکوەرگرتن لە سەرمایە بیانییەکانە و بۆ گەیشتن بەم مەبەستەش هەموو جۆرە ئاسانکاری و رێوشوێنێك دەگرێتە بەر تاکوو دیمەنێکی جوان و بێخەوش و سەرنجڕاکێش لە خۆی نیشانی دنیای دەرەوە بدات و لەم رێگایەوە سەرمایەی دەرەکی بێنێتە نێو وڵاتەکەی خۆی تا لە کەرتی بەرهەمهێنان وەگەڕیان بخات. بەڵام وڵاتی ئێمە واتا ئێران لە ماوەی هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە راست بە پێچەوانەی ئەم رەوتە چۆتە پێشەوە و هەموو کات بە گرتنەپێشی سیاسەتێکی شەڕخوازانە و قەیرانخوڵقێن و دژی تەناهی جیهانی هەموو جۆرە سەرمایەیەکی دەرەکیان لە ئابووری ئێران دوور کردۆتەوە، سەرەڕای ئەوە گرژی و ئاڵۆزی نێوان ئێران و وڵاتانی رۆژئاوایی لەسەر سیاسەتە ناڕەواکانی ئێران هەموو کات بۆتە هۆی ئەوەی کە ئێران وەك هەڕەشەیەك چاوی لێ بکرێت و بۆ راگرتن و بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەم هەڕەشەیە کۆمەڵە بڕیارگەلێك بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە. لە چەند ساڵی دوایی، هاتنەسەکاری توندڕەوەکان و دانی درووشمگەلی وەك نەهێشتنی ئیسراییل و تێکدانی نەزمی ئێستای جیهان و بەڕێوەبەریەتی جیهان، هاوکات لەگەڵ ئەوەش، پەرەپێدانی بەرنامەی قەیرانخوڵقێنی ناوکی بوونەتە هۆی گرتنەبەری رێوشوێنی جۆراوجۆر بۆ پێشگرتن لە ئێران کە یەکێك لەم پلانانە سەپاندنی یەك لە دوای یەکی گەمارۆ ئابوورییەکانن بە شێوەیەکی سیستماتیك، بە جۆرێك کە کەم وڵات ئێستا هەیە کە ئەم گەمارۆیانەی نەخستبێتە سەر ئێران. دەرکردنی چوار بڕیارنامە دژ بە ئێران لە لایەن رێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، گەمارۆی بانکەکانی ئێران لە لایەن ئەمریکا و ئورووپاوە و لە ئاکامدا گەمارۆی بانکی ناوەندیی ئێران بۆ رێگرتن لە ساتوسەوداکردنی لەگەڵ وڵاتانی تری جیهان ،گەمارۆی کڕینی نەوتی ئێران کە بە جیا لە لایەن ئەمریکا و ئورووپاوە بەڕێوە دەچێت و ..هتد، بەشێکی بچووکن لەو رێکارانەی کە وڵاتانی جیهان بۆ هەرەسهێنانی هەوڵی تێکدەرانەی کۆماری ئیسلامی لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی جیهان گرتوویانەتە بەر. هەموو ئەو هەوڵە نێونەتەوەییانە وایان کردووە کە ئەو ئابوورییە لە بنەمادا نەخۆش و وێرانەی ئێران کە پێشتر ئاماژەمان پێدا، نەتەنیا خراپتر ببێت و هیچ چەشنە گەشەکردنێك بە خۆیەوە نەبینێت، بەڵکوو بە پێچەوانەشەوە رۆژ بە رۆژ بەرەو تێکڕمانی زیاتر هەنگاو بنێت. لەم نێوەدا ئەگەر نەهاتنی سەرمایە دەرەکییەکان بە یەکەمین ئاسەواری گەمارۆکان بزانین، دەبێ ئاماژە بە دووهەمین ئاسەواری ئەم گەمارۆیانەش بکەین، ئەویش ئەوەیە کە وڵاتێك بۆ گەشەسەندن پێویستی بەوەیە کە پشکێکی باش لە بازاڕە نێونەتەوەییەکان بۆ خۆی قۆرغ بکات و بتوانێت لەگەڵ ئابوورییە هاوشانەکانی خۆی کێبەرکێ بکات، بەڵام بەم گەمارۆیانە پشك و بەشی ئابووریی ئێران لە بازاڕە جیهانییەکان بە چەندقات دابەزیوە و ئەم رەوتە گەشەنەکردنی ئابووری لێکەوتۆتەوە و لە درێژەدا ئەم رەوتە بۆتە هۆی کەمبوونەوەی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵك لە نێو وڵات و چوونەسەرەوەی نرخی شتومەکەکان و بەم پێیە باری ژیانی خەڵك قۆناغ بە قۆناغ بەرەو دژواری زیاتر هەنگاو دەنێت بە جۆرێك کە بە پێی ئەو ئامارانەی کە خودی بەرپرسانی رێژیم رایانگەیاندووە، لە بواری خۆراك بۆ وێنە خواردنی برنج بۆ هەر بنەماڵەیەکی ئێرانی لە ساڵی ١٣٧٩دا ١٨١ کیلۆگرەم بووە، کەچی ئەم رەقەمە لە ساڵی ١٣٨٩ بۆ ١٥٩ کیلۆگرەم دابەزیوە. ئاستی گشتی نرخەکان لەساڵی ١٣٨٠ تا ساڵی ١٣٨٩ نیزیك بە ٢٨٥ لەسەد بەرز بۆتەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە داهاتی دەوڵەت لە ساڵی ١٣٨٩ بە نیسبەتی ساڵی ١٣٨٠، زیاتر لە ٥٠٤ لەسەد زیادی کردووە. هەروەها بە پێی ئاماری بانکی ناوەندیی ئێران، گرانیی ٣٣ جۆر شتومەکی سەرەکی و پێداویستی غەزایی لە تاران لە ماوەی نێوان خاکەلێوەی ١٣٩٠ تا کۆتایی خاکەلێوەی ١٣٩١ لە نێوان ١٨ تا ١٤٦ لەسەد بووە، بۆ وێنە نرخی کۆمەڵێك پێداویستی بەرزبوونەوەی بەم شێوەیان بەخۆوە بینیوە: سەوزییەکان ٥٠ لەسەد، رۆن و قەند و شەکر ٣٠ لەسەد، خواردەمەنییە شیرییەکان (لبنیات) ٢٦ تا ٥٩ لەسەد، میوەکان ٢٧ لەسەد و ...هتد. ئەوانەی بە کورتی ئاماژەمان پێکردن، کۆمەڵێك لەو ئامارانە بوو کە بەرپرسانی دەوڵەت بە هەزار ساختەکاری هێشتا نەیانتوانیوە حاشایان لێبکەن. بە دڵنیاییەوە ئامارە راستەکان یەکجار زیاتر لەم ئامارانەن کە لەبەردەستدان. ئەوە بارودۆخی گوزەرانی ژیانی خەڵك لە ئێرانی ئەمڕۆکەیە و بەداخەوە رۆژ بەدوای رۆژ ئەم رەوتە نەتەنیا باشتربوون بەخۆیەوە نابینێت، بەڵکوو بەرەو خراپتربوونیش دەچێت.

# KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan

No: 588 ▪ 5 Sep 2012

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com

http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr


# لە کۆتایی خەرمانان، ئینتێرنێتی نێوخۆیی ئێران لە ئینتێرنێتی جیهانی دادەبڕدرێ



وەزیری پێوەندییەکانی ئێران لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵدەریی دەوڵەتی ئیسنادا وتی کە قۆناخی یەکەمی رایەڵەی نەتەوەیی زانیاریی ئێران تا کۆتایی مانگی خەرمانانی ئەمساڵ ئامادەی وەگەڕخستنە. رەزا تەقی پوور وتوویەتی لەم قۆناخەدا رایەڵەی زانیاریی نێوخۆی وڵات لە رایەڵەی جیهانیی ئینتێرنێت جوێ دەکرێتەوە. ناوبراو هیوای خواستووە کە بە جێبەجێکردنی قۆناخی یەکەمی رایەڵەی نەتەوەیی زانیاری، هێرشە سایبێرییەکان دژی ئێران کونترۆڵ بکرێ. لە چەند ساڵی رابردوودا کۆماری ئیسلامی ئامانجی چەندین هێرشی بەهێزی سایبێری لە دەرەوەی وڵات بوو کە دەگوترێ ئیسرائیلیان لەپشتەوە بووە.

بەپێی راپۆرتی بی.بی.سی، رایەڵەی نەتەوەیی زانیاری ناوی گەلاڵەیەکە کە پێشتر بە ناوی «ئینتێرنێتی نەتەوەیی» ناویان دەهێنا. کۆماری ئیسلامی نزیك دوو ساڵە کە بە هۆگەلی ئەمنییەتی و هەروەها بەمەبەستی چاودێریکردن بەسەر نێوەرۆکی ئەو ماڵپەڕانەی بە دژی خۆی یان بە نەگونجاویان دەزانێ، ئەم گەلاڵەی هێناوەتە گۆڕێ. تەقی پوور ساڵی رابردوو وتبووی: «ئەو ئینتێرنێتەی کە هەیە، لەسەر بنەمای تیۆرییە ئومانیستی و لیبرالیستییەکانە . . .هەر بۆیە دەبێ پەرەپێدانی ئینتێرنێتی خاوێن بخرێتە دەستووری کارەوە». رەخنەگران لەو باوەڕەدان «ئینتێرنێتی خاوێن» لە روانگەی کۆماری ئیسلامییەوە، ئینتێرنێتێکە کە نەتوانێ دەرەتانی بڵاوکردنی بیروبۆچوونی بەرهەڵستکارانی حکوومەت بڕەخسێنێ.

# بەساڵاچووە پڕجموجۆڵەکان شەش ساڵ زیاتر تەمەن دەکەن

بەپێی لێکۆڵینەوەکانی زانستڤانانی سوئێدی، پڕجموجۆڵبوون و سڵامەت ژیانکردن لە حەوتەمین دەیەی ژیاندا، دەبێتە هۆی زۆربوونی بەرچاوی هیوا بە ژیان لە کەسەکاندا. بەپێی راپۆرتی بی.بی.سی، لێکۆڵەران لە ئەنێستیتۆی کارولینسکای سوئێد لەسەر شێوەی ژیانی هەزار و هەشتسەد و دە کەس کە تەمەنیان لە سەرەوەی ٧٥ ساڵ بوو، توێژینەوەیان کرد.

بەپێی دۆزینەوەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە کە لە ماڵپەڕی گۆڤاری پزیشکیی بریتانیادا بڵاو کراوەتەوە، ئەو کەسانەی سڵامەتتر ژیان دەکەن، زیاتر ژیان دەکەن.

مەلەکردن، پیاسەکردن و ژیمناستیك، هیوا بە ژیان نزیك بە دوو ساڵ زیاد دەکەن. ئەو کەسانەی کە پێوەندیی کۆمەڵایەتیی بەربڵاوتریان هەیە، ساڵ و نیوێك زیاتر لەوانەی کۆمەڵایەتی نین، ژیان دەکەن. تاوتوێکردنی ئامارەکان لەم بارەوە نیشان دەدا کە پیاوان دەتوانن بە کەڵکوەرگرتن لە شێوەکانی سڵامەتکردنی ژیان، تەمەنی ژیانی خۆیان تا شەش ساڵ ببەنە سەرەوە و ژنانیش تا پێنج ساڵ.



ئالێن ماریون دەیویس، پروفێسۆری زانستگای کینگز کالجی لەندەن لەم بارەوە دەڵێ، ئەم لێکۆڵینەوانە بەڵگەگەلێکی باشن بۆ سەلماندنی ئەوەی کە تەمەنی حەفتا ساڵی بۆ ئەوەی کەسێك بڕیار بدات چەند ساڵ زیاتر ژیان بکات، درەنگ نیە. هیچکات بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕگەلێکی بچووك کە دەتوانن جیاوازیگەلێکی گەورە درووست بکەن، درەنگ یان زوو نیە.

# کوشتوبڕی خەڵکی گوندێک لەسەر کانگای زێڕ

بەپێی راپۆرتی رۆژنامەی «گاردییەن»، برزیل گوشاری خستووەتە سەر وێنێزوئێلا تا دیاری بکات ئایا کانزاچییە برزیلییەکانی کانزای زێڕ سنووریان بەزاندووە و گوندێکیان کە نزیك بە ٨٠ کەس خەڵکی خۆجێیی تێدا بووە، بە هێلیکۆپتێر کۆمەڵکوژی کردووە. ئەم هێرشە کە گرووپێکی عەشیرەیی دەڵێن لە سەرەتای جوولایدا بووەتە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٧٠ کەس، ئەم حەوتووە پاش ئەوەی ئەو گرووپە داوایان لە دەوڵەتی وێنێزوئێلا کرد کە لێکۆڵینەوە لە مەسەلەکە بکات، دەرکەوت. بە هۆی دووری ناوچەکە و سرووشتی پرشوبڵاوی دانیشتووانی خۆجێیی، ئەندامانی عەشیرەتەکە تەنیا لە رۆژی دووشەممەی حەوتووی رابردوودا توانایی هۆشداریدانیان بە دەوڵەت هەبوو.



وەزیری دەرەوەی برێزیل رۆژی هەینی وتی کە باڵوێزەکەیان لە کاراکاس داوای لە دەوڵەتی وێنێزوئێلا کردووە هەر زانیارییەك کە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ لە دیاریکردنی ئەوەی کە ئایا هێرشەکە رووی داوە و برزیلییەکان دەستیان تێدا بووە، بەدەستی بێنێ.

هەر بەپێی ئەم سەرچاوەیە، دامەزراوەی نەتەوەیی بە رەچەڵەك هیندییەکانی برزیل کە سەر بە حکوومەتە و بەسەر کاروباری خەڵکانی خۆجێیی چاودێری دەکات، دەڵێ لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەش لە لایەن بەرپرسانی هەر دوو وڵاتی تێوەگلاوەوە لەم بارەوە دەکرێ. ناوچە سنوورییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتر دەبێتە شوێنی شەڕ لە نێوان خەڵکی خۆجێیی، کانزاچییەکانی زێڕ و ئەوانەی بە دوای سەرچاوە بەنرخەکانی دیکەی دارستانەوە دەگەڕێن.

عەشیرەتی «یانومامی»، ئەو عەشیرەتەی کە ئیدیعای کردووە هێرشی کراوەتە سەر، دەڵێ زۆر جار هۆشداری بە دەوڵەتی وێنێزوئێلا داوە کە شەڕەکە خەریکە پەرە دەستێنێ بەڵام گرینگی پێ نەدراوە. رۆژی هەینی، دەوڵەتی وێنێزوئێلا رایگەیاند کە هێشتا ناتوانێ تەئیدی بکات کە وەها هێرشێك رووی داوە.

## زایەڵە

باران

### دیسان لەمەڕ پەڵە رەشە هەمیشەییەکەی سەر تەوێڵی رێژیم

کۆماری ئیسلامی زۆر جار دەست دەداتە هەڵکەندنی چاڵێك بۆ لایەنەکانی بەرامبەری کە دواجار هەر خۆی تێی دەکەوێ. رێژیم ئەمجارە کۆبوونەوەی وڵاتانی بێلایەنی لە تاران گرت کە دەیویست وەکوو ئامرازێکی پروپاگەندەیی بۆ چەند مەبەستی سەرەکی کەڵکی لێوەرگرێ، لەوانە وەرگرتنی پشتیوانیی ئەو وڵاتانە لە سووریە و خۆدەربازکردنی کاتی لە وەپەراوێزکەوتنی نێونەتەوەیی. بەڵام لە سایەی سەری ئەم کۆبوونەوەیە، پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران، واتە ئەم پەڵە رەشە کە هەمیشە بە تەوێڵی رێژیمەوەیە، دیسانەوە هاتەوە بەرباس و کۆماری ئیسلامی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی ناکام هێشتەوە.

دەکرێ لە رەهەندی جۆراوجۆرەوە باسی چۆنیەتی و گرینگیی هاتنەبەرباسی پرسی مافی مرۆڤ لە رەوتی بەرێوەچوونی ئەو کۆبوونەوەیە بکرێ، بەڵام یەکێك لەو رەهەندانە کە زۆر جێگای سەرنجە، قسەکانی موحەممەد جەوادی لاریجانی، بەرپرسی ستادی بەناو مافی مرۆڤی هێزی دادوەریی ئێران لەسەر ئەحمەد شەهید، راپۆرتنێری دیاریکراوی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بواری ئێرانەوەیە.

لاریجانی لە وتوویژ لەگەڵ تەلەفزیۆنی کۆماری ئیسلامیدا لەمەڕ راپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید کە قامکی لەسەر سەدان پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە داناوە، وێڕای بە «درۆیین» ناوبردنی ئەو راپۆرتانە، وتی: «لە چاوپێکەوتنم لەگەڵ سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان باسی ئەوە کرا کە ئەحمەد شەهید، راپۆرتنێری تایبەتی مافی مرۆڤ لەسەر ئێران، مرۆڤێکی لەخۆڕایی و بەرپرسیارەتی هەڵنەگرە».

لاریجانی کە پێشتریش ئەحمەد شەهیدی بە مرۆڤێکی «نەزان» ناو بردبوو، بەبێ ئەوەی هیچ بەڵگەیەك بۆ ناڕاستبوونی راپۆرتەکانی ئەحمەد شەهید بێنێتەوە، دەیهەوێ تەنیا لە رێگەی سووکایەتی پێکردنەوە وەڵامی هەر پرسیارێکی پێوەندیدار بە پرسی مافی مرۆڤ لە ئێراندا بداتەوە. ئەمە بۆ خۆی دەرخەری دەستەوەستانی تەواوی رێژیم لەم بوارەدایە.

لاریجانی هەر لەو وتوویژەدا وتوویەتی: «بە بەڕێزیانمان (سکرتێری گشتیی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان)»وت کە درانە پاڵی دوو هەزار تۆمەت لە ئێران لە لایەن ئەحمەد شەهیدەوە، نیشانەی ناڕاستبوونی ئەم ئیدیعایانەیە و ئەگەر بڕیار بێ ئەو هەموو ئەم تۆمەتانە تاوتوێ بکات، دەبێ لانیکەم دوو هەزار رۆژ لە ئێران بێ».

بە خۆشییەوە لە کاتێکدا بەرپرسانی رێژیم بە کەڵکوەرگرتن لە شێوازی کۆنی پروپاگەندەکردن، تێکنیکێکی قسەکردنیان لەسەر ئەو تۆمەتانەی کە دەدرێتە پاڵیان بە شێوەیەکە کە زیاتر لەوەی لەسەر نێوەڕۆکی تۆمەتەکان قسە بکەن، هەر بەسەریدا تێدەپەڕن و تەنیا دەست دەکەن بە تۆمەتدانە پاڵ ئەو لایەنانەی تۆمەتەکانی ئاراستە کردوون، بەڵام لێرەدا لاریجانی خۆی دادان بەوەدا دەنێت کە ئەحمەد شەهید لە راپۆرتەکانیدا ئاماژەی بە دوو هەزار پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران کردووە.

هەروەها لە قسەکانی لاریجانی دەکرێ ئەو ئیستنباتە بکرێ کە چوونکە پێشێلکارییەکانی مرۆڤ لە ئێران زۆرە و تاوتوێکردنیان کاتی زۆری دەوێ، کەوابوو دەکرێ چاوپۆشییان لێ بکرێ واتە بە جۆرێك کە هەر دەڵێی نە بای هاتووە و نە بۆران. ئەمە لە کاتێکدایە کە لە هەر مرۆڤێکی خاوەن ئاوەزی ئاسایی ئەو چاوەڕوانییە دەکرێ کە ئیستدلالەکەی ئەوە بێ کە مادام لە راپۆرتەکاندا ئاماژە بەو هەمووە پێشێلکارییانە کراوە، کەوابوو پێویستە کاتی تەواو بۆ تاوتوێکردنیان تەرخان بکرێ.